# کۆنگرە

ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە ٤٢ – گەلاوێژی ٢٧٠٧ی کوردی

خەبات لەپێناو وڵاتێکی ئازاد و دیمۆکرات و سەربەخۆ

Newsletter of Kurdistan National Congress (KNC) Nr. 42, August - September 2007


## جەنگی نوێی کەنداو، رووخانی رژێمی ئیسلامیی ئێران و، سەرلێشێواویی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵات!

رۆژ لەگەڵ رۆژ، پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بەرەو گرژی و ئاڵۆزبوونی زیاتر دەڕوات. کێشەی ئەفغانستان، عێراق و لوبنان و فەلەستین، بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە و، کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی باڵای لە پشێوی و تێکدانی بارودۆخی سیاسی و، ناسەقامگیریی ئاسایشی ئەو وڵاتانەدا هەیە. هەروەها، راپۆرتی دەزگەکانی ئاسایشی ئەمریکا و پاکستان، ئاماژە بە پشتگیریی و هاندانی ناڕاستەوخۆ و بەنەخشەی ئێران، لەنێو رێکخراو و کۆروکۆمەڵی ئیسلامیی لە پاکستاندا دەکەن.

لەلایی دیکەوە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەماوەی بیست ساڵی رابوردودا، بە شاردنەوەی پلانی سازکردنی چەکی نێۆکیی، بووجەیەکی زۆریان بەختکردووە، بۆ ئەوەی دەستیان بگات بە چەکی ئەتۆم و، بیکەنە قەڵخانی پارێزگاریکردن لە خۆیان و رژێمەکەیان. پاش ئاشکرابوونی پرۆژەکەیان، لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا ئامادە نەبوون بچنە ژێر داواى کۆمەڵی نێودەوڵەتیی بۆ چاودێریکردنی نێوەندەکانی ئەتۆمی و، "بۆ ل ٢"



مامۆستا کامیل ژیر:

### حکوومەتەکەی شێخ مەحموود ١٩١٩ – ١٩٢٤ بۆ سەرنەکەوت؟

"ل ٤"



گوتوبێژ لەگەڵ دوکتۆر جەمال رەشید:

### زمان و مێژوو و شارستانییەتی کوردستان و، رۆژهەلاتی کۆن!

" ل ١٤"

*** – بیست و هەشت ساڵ بەسەر فتوای جیهادی ئایەتوڵڵا خومەینیی، لەدژی نەتەوەی کورد تێپەڕ بوو ......... ل ١٢**



دوکتۆر حسێنی خەلیقی:

### کەڵ بە موویەک بەندە

"ل ١٠"



دوکتۆر جەمال نەبەز:

### خوێندەواری بە زمانی کوردی

"ل ١٨"



سیروان کاوسی:

### مێژووی "مواد مخدر" لە ئێران و لە جیهان!

"ل ٢٤"

### "هاوەی سەروتار"

گەلێک جاریش بە گاڵتە و تەشەر و هەڕەشەوە، وەرامی کۆمەڵی نێودەوڵەتیی دەداتەوە. سەرباری ئەمانەش، کاربەدەستانی ئێران، هێشتا دەستیان بەچەکی ئەتۆم نەگەیشتووە، هەڕەشەی لەنێوبردنی ولاتی ئیسرائیل دەکەن.

سەرکۆماری ئەمریکا — جۆرج دەبلیو بوش لەگەڵ راوێژکارانی سیاسی و لەشکریی ئەمریکا، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەوە کە، هێشتنەوەی کێشەی ئێران بەم شێوەی ئێستای، بۆ سەرکۆمار و، دەولەتی داهاتووی ئەمریکا، نەتەنێ کارکردی خراپی بۆ سەر حیزبی کۆماریی لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارێتیی ئەمریکا لە ساڵی داهاتوودا دەبێت، بەڵکو بەشێوەیەکی بەرفرە کار دەکاتە سەر تێکدانی ستراتیژ و لاوازبوونی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و، هاوپەیمانانی لەنێوچەکە. لەبەر ئەوە، پێش کۆتاییهاتنی سەرکۆمارێتیی جۆرج بوش، شەڕێکی گەورە لە دژی رژێمی ئێران دەستپێدەکات. ئامادەکارییەکانی گەورەی سەربازیی، لە چەند مانگی رابردووەوە لەلایەن هێزەکانی زەریایی و ئاسمانی و زەوینیی ئەمریکاوە دەستپێکردوە. سەرەتای مانگی ئەگوست (گەلاوێژ)، مانۆڕێکی گەورە لە دوورگەی "گوام" لە زەریای ئارام بەڕێوەچوو. لەم ئامادەکارییە سەربازییەدا، چەندین پاپۆڕی گەورەی جەنگیی، لەگەڵ ٣٠ پاپۆڕی بچووکتری تایبەت بە سوپای زەریاوانی و، ٢٨٠ فرۆکەی جەنگی و ٢٢٠٠٠ سەرباز و مەلەوان بەشدارییان تێدا کرد. شایانی باسە، لەکاتی مەشقی جەنگیی ساڵی رابردوودا، فەرماندەکانی سوپای ولاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا بۆ بینینی بانگهێشت کرابوون، بەڵام مەشقی جەنگیی ئەم ساڵ، بەبێ چاودێریکردنی فەرماندەکانی ولاتانی هاوپەیمان بەڕێوەچوو. جێگری سەرکۆمار — دیگ چێنی، هەروەها رابێرت گەیتس – وەزیری بەرگریی ئەمریکا رایانگەیاندووە، بۆ پارێزگاریکردنی ولاتانی دۆست لە نێوچەکە، ئەم هێزانە لە نێوچەی کەنداو ئامادە دەبن.



ئایەتوڵلاکان و، دەسەلاتدارانی ئێران، بەتەواوەتیی هەستیان بە پلانی جەنگیی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و رژێمەکەیان کردووە و، ئەمەش لە قسەکانی سەرلەشکر جەعفەری، فەرماندەی تازەی سوپای پاسداران دەردەکەویت، کە لە هەژدەیەمین کۆبوونەوەی گشتیی فەرماندەکانی سوپای پاسداران ئاماژەی پێکرد و، گوتی: "ئەورۆکە، ئێمە لە گەمارۆی سەربازیداین. دوژمنان، سەرەرای بەختکردنی بوودجەیەکی زۆر و کۆکردنەوەی هێز وچەکوچۆڵێکی زۆری جەنگیی، ناتوانن تەنانەت خێسەیەکیش لە ئێران بکەن، چۆنکە دەزانن هێزەکانی سوپای پاسداران و "بەسیج"، بەتەواوەتیی ئامادەن. هاوکات، پیلان و ئاژاوەگێڕیی نێوخۆیی لەرابوردوودا پشتی زۆربەی شۆرشەکانی لە جیهان شکاندووە، شۆرشی ئیسلامیی ئێرانیش لەنێوخۆوە لەمەترسیدایە و، بێگانەکان چاویان بڕیوەتە بەکرێگیراوان و، لایەنگرانیان لەنێوخۆی ولات...".

ئەم قسانەی جەعفەری، پاکانەکردن و رەوایەتیدانە بۆ ئەو شەپۆلە بەردەوامەی لەلایەن ئەحمەدینژاد و بەفەرمانی وەلی فەقیە" وە لە کوردستان و، سەرتاسەری ئێران خستوویانەتەرێ و، بەهۆیەوە لەماوەی تەنیا سێ ساڵی رابردووەوە، بەسەتان تێکۆشەر و ئازادیخواز گوللەبارانکراون و بەهەزارانیش تووشی گرتن و، شکەنجە و، ئازار هاتوون.

مەلاكانی دەسەلاتدار، لە دەرەوەی ئێرانیش بە شێواندنی بارودۆخی نێوخۆی عێراق و نێوچەكە و، بەخشینی چەكوچۆڵ و یارمەتیی دارایی بە ڕێكخراوەكانی تێرۆریستیی، لە هەوڵی ئەوەدان، تاكو ئەمریكا و هاوپەیمانانی بەرەورووی شكستی سەربازیی ببنەوە و، بەوەش مەترسیی هێرش بۆ سەر ئێران لەنێو ببەن و، ستراتیژ و ئامانجی سیاسییان بهێننەدی، كە دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەكی شیعەیە لە نێوچەكە.

بەڵام حكوومەتی ئەمریكا و، دنیای ئازاد بە گشتیی، هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەوە كە سەرچاوەی هەموو ئاڵۆزی و ئاژاوەیەك لەنێوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و، لەهەموو جیهان، كۆماری ئیسلامیی ئێرانە و، تا ئەم ڕژێمە لەسەركار بمێنێت، نێوچەكە ڕووی هێمنی و ئاسایش بە خۆیەوە نابینێت. هەر بۆیە، پێوەندی و هاودەنگییەكی زیاتر لە نێوان ئەمریكا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و، ولاتانی ئازاد و دیمۆكراتدا سەریهەڵداوە.

بەردەوامبوونی ڕژێمی ئێران لە سەرەڕۆیی و ملهۆڕیكردنی بەرامبەر كۆمەڵی نێودەوڵەتیی، ئەو پێوەندی و هەڵوێستە هاوبەش و جیهانییە، خێراتر و چڕتر و، پتەوتر دەكات، كە ئەنجامەكەی لەداهاتوویەكی نێزیكدا بەڵێدانی گورزی سەربازی و، بۆمبابارانكردنی قورسی نێوەندەكانی لەشكری و ئابووری و، لەنێوبردنی دەسەلاتی ڕەش و نگریسی كۆماری داگیركەری ئێران، كۆتایی دێت..

حكوومەتی ئەمریكا، بەوێنەی عێراق، ماوەی چەند ساڵێكە سەرقاڵی سازكردنی ئۆپۆزسیۆن و، داتاشینی حكوومەتی داهاتووی ئێرانە. ئەم حكوومەتە داتاشراوەش، پێكهاتەیەكە لە كوڕەكەی حەمەڕەزاشا و، ژنەكەی حەمەڕەزاشا و، ژنەراڵەكان و كاربەدەستانی پێشووی ڕژێمی پاشایەتیی، لەگەڵ ژمارەیەك لە كەسانی تێكنۆكراتی كۆن و تازە، كە دانیشتووی ولاتانی ئەمریكا و ئۆروپان. دروشمی ئەمانە، بەڕواڵەت دیمۆكراسی و ئازادییە بۆ ئێران، بەڵام ئامانج و ستراتیژی سیاسییان، پاراستنی یەكێتیی خاكی ئێران و، بەردەوامیی دەسەلاتی نەتەوەی فارسی دەسەلاتدارە. حكوومەتی ئەمریكا بووجەیەكی زۆری بۆ ئەم مەبەستە تەرخانكردووە و، تلەڤیزیۆنی ئەمریكا — بەشی فارسی و چەندین تلەڤیزیۆن و رادیۆ و سایت و ڕۆژنامەی وەك (كیهان لندن)، شەو و ڕۆژ بەرنامە بۆ خەڵكی ئێران بلاودەكەنەوە. شایانی باسە، لاوازكردنی ڕێكخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران لەلایەن ئەمریكاوە و، كۆكردنەوە و چاودێریكردنیان لەنیو پێگەیەكی سەربازیی لەعێراق و، نێوناسكردنیان بە "تێرۆریست" لەلایەن ئەمریكا و، ئۆروپاوە، بۆ ئەوەیە، ڕێكخراوەی موجاهدین بەڕادەیەك لاواز بكەن كە پاش ڕووخانی كۆماری ئیسلامیی ئێران، نەتوانێت ببێتە كۆسپ و لەمپەر لەبەردەم حكوومەتی دەستنیشانكراویان و، بەرژەوەندیی ئەمریكا و ڕۆژاڤا لە ئێران.

لەم پێوەندەدا و، لە دۆخێكی هەستیار و چارەنووسسازی وەك ئەمڕۆ كە بەرەورووی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و، كوردستان بووەتەوە، حیزب و ڕێكخراوە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان، بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە، لەنێوخۆیاندا بە گەرمە سەرقاڵی جنێودان و سووكایەتی و دژایەتیكردن و، تێرۆری كەسایەتیی یەكدین و، گەلێك تاوان و تۆمەتی ناڕەوا و، نەشیاو دەدەنە پاڵ یەك، كە ئەمەش جگە لەوەی كە دڵی دوژمنان و، داگیركەرانی كوردستانیان شاد كردووە، هەروەها لای دۆست و بێگانە و دنیای دەرەوە، پێشاندەری نەشارەزایی و پێنەگەیشتوویی سیاسی و تێنەگەیشتن لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی سیاسەتكاران و، سەركردەیەتیی حیزبەكانی كورد دەگەیەنێت.

چالاكترین ڕێكخراوەی سیاسیی سەر گۆڕەپانەكە لەم بارودۆخەدا، پارتی ژیانی ئازادیی كوردستان (پژاك) ە، و سەرەرای بەرخۆدان و، ئەنجامدانی گەلێك نەبەردی قارەمانانە لەدژی سوپای داگیركەری ئێران، كەچی ئەمانیش دروشمی "فێدراڵی" یان لەچوارچێوەی ئێران هەڵگرتووە، كە ئەوەش جگە لەوە كە دروشمێكی نابابەتانە و، نازانستانەیە و، فیدراڵی و كۆنفیدراڵی و، ئۆتۆنۆمی، تایبەتن بە سیستەمی سیاسی ئەو حكوومەت و كۆمەڵگانەی كە دیمۆكراسی و بیری ئازادی و یەكسانیی، مێژوویەكی دووردرێژی لەنیویاندا هەیە و، لەنێو ئەو ولاتانەی كە دیكتاتۆری و سەربڕین و هەڵواسین و لەسێدارەدان لە پێش چاوی خەڵك و، خۆتەقاندنەوە و بەردەبارانكردن و، بیری ڕەگەزپەرستیی، بووەتە كولتوور و، مێژوویەكی سەدان و هەزاران ساڵەی هەیە لەنێویاندا، هیچكاتێك سەرناگرێ و، سەقامگیرنابێت، ئیدی هەڵگرتنی دروشمی فیدراڵی تەنێ دەبێتە وشەی سەرزار و، وەك رابردوو گەلی كورد لە گەیشتن بە ئامانجەكانی بێوەریی دەكات.. ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە، "بۆ ل ٣١"

# حکومەتەکەی شێخ مەحموود ١٩١٩ – ١٩٢٤ بۆ سەرنەکەوت! (*١)

نووسینی:
مامۆستا کامیل ژیر



لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم، هەلێکی باش رەخسا بۆ ئەو نەتەوانەی لەژێردەستی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بوون، کە رزگاریان ببێ و دەولەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆیان دامەزرێنن. نەتەوەی کوردیش وەک هەر یەکێک لەو نەتەوانەی تر، هەوڵی خۆیدا بۆ ئەو مەبەستە، بەشیک لەو هەوڵانە شۆرشەکانی شێخ مەحموودی نەمر بوو.

شێخ مەحموود خۆی وەک کوڕی شێخ سەعید و کوڕەزای کاک ئەحمەدی شێخ و کوڕەزای شێخ مارفی نۆدێ کە رابەری ''تەریقەی قادری'' بوو و، لەو ڕووەوە پایەیەکی بەرزی ئاینییان هەبوو، تێکڕا خەڵکی کوردستان بە چاوێکی ڕێزەوە سەیری شێخ مەحموود و ئەو بنەماڵەیان دەکرد. ئەمە جگە لەوەی کە شێخ مەحموود خۆیشی کەسێکی هەڵکەوتوو و کەسێتییەکی بەتوانا بوو. هەر لە منداڵێیەوە کوڕێکی زیرەک و ئازا بوو، بنەماکانی سەرکردەیەتیی لە روخساریدا بەدیدەکرا. هەر بەو منداڵێیە سیاسەتکارێکی رۆژی خۆی بوو. زیاد لەمانە سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی گرنگییەکی زۆری بە بنەماڵەی شێخانی سلێمانی دەدا کە ئەویش هۆیەکی دیکە بوو بۆ پەرەسەندنی دەسەلاتی ئەم بنەماڵەیە، شەهیدکردنی شێخ سەعیدی باوکی و شێخ ئەحمەد لە مووسڵ بە دەسیسە و پیلانی ''کۆمەڵی ئیتیحاد و تورەقی''، دژ بە کورد، ئەوەندەی دیکە خۆشەویستیی شێخ مەحموودی لەدڵ ودەروونی کورددا زیاتر کرد.

یەکەم هەوڵێکی راستەوخۆی شێخ مەحموود بۆ دروستکردنی حکوومەتێکی کوردی، لەو نامەیەوە دەردەکەوێ کە بۆ میستەر ویلسن ی گەورەی هێزەکانی ئینگلیزی لە کەرکووک نووسی و تێیدا داوای ئەوەی لێکرد کە بڕیار بدەن بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی.

دووەم هەوڵ، نامەیەکی دیکە بوو هەر بۆ ویلسێن کە ئەمجارەیان شێخ مەحموود متەسەریف (پارێزگار)ی سلێمانی بوو، ویلسنیش حاکمی گشتیی عێراق بوو. ویڵسن لەوەرامی ئەم نامەیەدا میجەر نوئێل ی نارده سلێمانی و رۆژی ١/١١/ ١٩١٨ لە کۆبوونەوەیەکی ''بەردەرکی سەرا''، نوئێل بڵاویکردەوە کە شێخ مەحموود لەلایەن حاکمی گشتیی عێراقەوە (ویلسن) کراوە بە حوکمداری کوردستان.

سێهەم هەوڵی شێخ مەحموود لەم بارەیەوە ئەوە بوو کە مەزبەتە (داخوازینامەی گشتیی) بە دانیشتووان و عەشایری نێوچەی سلێمانی مۆرکرد، کە بە پێی ئەوە شەریف پاشا (کوردی دانیشتووی پاریس)، کرا بە نوێنەری کوردەکان لە کۆنفرانسی ئاشتی دا بۆ داواکردنی مافی نەتەوەی کورد.

چوارەم ئەو نەخشەیە بوو کە شێخ مەحموود بۆ مەحموودخانی دزڵیی کێشا بۆ گرتنی شاری سلێمانی و دەرکردنی ئینگلیزەکان لە ١٩١٩/٤/٢١ دا و لەئەنجامدا شێخ مەحموود ئیدارەی سلێمانی بەتەواویی گرتەدەست و دوای ئەوە شەڕی ئینگلیز و شێخ هەڵگیرسا و بە شەڕی دەربەندی بازیان نێوبانگی دەرکرد کە ئەنجامەکەی بە برینداربوون و دیلکردنی شێخ کۆتایی هات.

پێنجەم کە دوا هەوڵی کاریگەری شێخ مەحموود بۆ سەربەخۆیی کوردستان بوو، دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان بوو لەرۆژی ١٩٢٢/١١/٣ دا کە تێیدا بە مەلیکی کوردستان ناسرا.

ئەمە جگە لە هەوڵ و تێکۆشینە لاوەکی و نهێنییەکانی دیکەی، کە تێکڕا لەو پێناوەدا شێخ مەحموود چەندین جار تووشی گرتن و سزادان و حوکمی خنکاندن و دوورخستنەوە بوو.

هەموو ئەوانە بەڵگەی ئەوەن کە شێخ مەحموودی قارەمان زۆر هەوڵیداوە بۆ رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام ئەی بۆ لەئەنجامدا بەو ئاواتە نەگەیشتووە؟! بۆ کوردستان رزگاری نەبوو؟ بۆ حوکمداری و حکوومەتەکانی شێخ مەحموود کۆتاییان پێهێنرا؟ لەکاتێکدا

که وڵاتانی دیکەی ژێردەستی عوسمانی، دوای جەنگی یەکەمی جیهان، رزگاریان بوو بێ هیچ شەڕ و شۆڕێک، یان بە هەوڵ و تەقەلایەکی کەم! هەروەها دەشێ لێرەدا ئەوەش بپرسین بۆچی کوردستانی خواروو، واتە ولایەتی موسڵ خرایە سەر عێراقی عەرەبی؟ لەکاتێکدا نە شێخ مەحموود و نە دانیشتووانی کوردستان قایل نەبوون بەو کارە، بەم بەڵگانە:

**١- خاتو کورترودیل لە نامەیەکیدا بە بەرواری ١٩٢١/٥/٢٩ دەڵێ: (بیر لەوە دەکەمەوە کە لە کۆتایی هەفتەدا بچم بۆ سلێمانی بۆ چەند رۆژێک و دوایی بۆ کەرکووک بۆ دوو شەو بەسواری ئۆتۆمۆبیل. سلێمانی لەئەنجامی دەنگوەرگرتندا (استفتاء)، ئەوەی رەتکردەوە کە لەژێر حەکمی دەوڵەتێکی عەرەبی دابێت، لەم کاتەدا دەبێ بە هەرێمێکی کوردیی بچووک لەژێر سەرپەرشتیی سێرپرسیی مەندووبی سامی دا راستەوخۆ، دانیشتووانی هەموویان کوردن و دەڵێن نایانەوێ ببن بە بەشێک لە دەولەتێکی عەرەبی.**

**٢- گۆلە سمیس** کە ئەفسەریکی سیاسیی تازە دانراو بوو بۆ سلێمانی، لە ١٩٢١/٥/١٤ دا بۆ مەندووبی سامی دەنووسێ و دەڵێ: "کوردەکان بەرهەڵستیی ئەوەش دەکەن کە تەنانەت بەشەرت و شروتیشەوە لەگەڵ عێراقدا یەک بگرن.

**٣- ئەدمۆنز** لە هەولێرەوە، رۆژی ١٩٢٢/١٠/٢١ بۆ مەندووبی سامی دەنووسێ و دەڵێ: "شێخ مەحموود هەر بە جارێک رێگەنادات بەهیچ شێوەیەکی دەسەلاتدارێتیی عێراقی. پاڵپشتییەکی زۆریش دەکرێت لە هەولێر و کەرکووکەوە، داراییەکەشی بریتییە لەڕەسمی توتن.

هەندێک ئۆباڵی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود دەخەنە ئەستۆی شێخ مەحموود خۆی، کە گوایە بۆ داڕشتنی بناخەیەکی باش و بەهێز بۆ حکوومەتەکەی، تەقەلایەکی تەواو و بەکەڵکی نەداوە، یان گوایە دەوروپشتەکەی پاک و بەتوانا نەبوون، یان شێخ مەحموود نەیزانیوە بەسیاسەت لەگەڵ ئینگلیزدا بیگوزەرێنێ و دڵیان راگرێت. هەندێکیش بۆ ئەوە دەچن کە ئینگلیز دوژمنی کورد بووە، یان دوژمنی شێخ مەحموود بووە و بەو هۆیەوە رێگەینەداوە کورد بە ئاواتی خۆی بگات لەرزگاری وسەربەخۆیی دا.

## راستییەکەی نە ئەمیانە و نە ئەویان!

**جا بۆ ئەوەی رێخۆشکەین بۆ گەیشتن بە وەرامێکی راست، با تۆزێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە و چەند لاپەڕەیەکی مێژوو هەڵدەینەوە!**

لەگەڵ پەیدابوونی پیشەسازیی پاپۆڕ و زەریاوانیدا، وڵاتانی رۆژاڤا بە گشتی و، بەریتانیای گەورە بەتایبەتی، گرنگیی مادەی نەوتیان بۆدەرکەوت وەک سووتەمەنییەکی پێویست بۆ ئەو پیشەسازییە. ئەمیراڵ فیشەر کە دائیرەکانی زەریاوانیی لەساڵی ١٨٨٦ ەوە بە شێت و شەیدای نەوت ناویان دەبرد و، لەپێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا فەرماندەی گشتیی زەریاوانیی بەریتانی بوو، مێستەر چەرچڵیش وەزیری زەریاوانیی بەریتانیا بوو... شەیدایەتییەکەی فیشەر و خواستی چەرچڵ لەیەکیاندا و لەساڵی ١٩١٢ دا کاریان کردەسەر ئەنجومەنی گشتی بەریتانی و لێژنەیەکی "شاهنشاهی" یان پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرچاوە نەوتییەکان لە جیهاندا کە پێویستییەکانی زەریاوانیی بەریتانی دابین بکات. بۆ ئەم مەبەستە چەرچڵ، لەوتارێکیدا، لەبەردەم ئەنجومەنی گشتیدا ئەوەی درکاند کە دەبێ ببین بە خاوەنی نەوت، یان بەهەر چۆنێک بێ، دەستبگرین بەسەر پێویستییەکانماندا لەنەوت. لەم کاتەدا ئەو نەوتەی کە لەبازاڕەکانی جیهاندا بازرگانییان پێوەدەکرا، بەزۆری لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و مەکسیکۆ دەردەهێنرا و بڵاو دەبووەوە، ئەوسا نەوتی رووسیا و رۆمانیا وعەبادان شتێکی ئەوتۆ نەبوون. بەپێی راپۆرتێکی حکوومەتی بەریتانی کە لە ١٩٢١/٦/١٢ نووسراوە، نەوت لە گەیارەدا هەبووە کە ئەڵمانەکان لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا سوودیان لێوەرگرتووە و، رۆژی دە هەزاڕ گاڵۆن بەرهەمی داوە. هەروەها لە زاخۆ و دووز و قەڵای نەوتیشدا هەندێک نەوت دەردەهێنرا. هەر بەپێی ئەم راپۆرتە، پێوەندییەکی جیۆلۆجی لەنێوان نەوتی کورکووک ونەوتی ولاتی فارسدا هەیە.

لەنێوان ساڵەکانی ١٩٠٠ تا ١٩١٤ شدا، ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵە بازرگانییە دەوڵەتییەکان کە لە پێشبڕکێدا بوون بۆ گەیشتن بە سامانی نەوت، گەلی داخوازییان پێشکێش کرد بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی پشکنینی نەوت و دەرهێنانی نەوت. ئەوە بوو لەساڵی ١٩١٢ دا گروپێک لە فەرمانبەرانی بەریتانی و هۆڵەندی و

ئەڵمانی پێکهاتن بۆ دروستکردنی کۆمپانیای نەوتی تورکی T.P.C. و ئیمتیازی پشکنین و دەرهێنانی نەوتی ولایەتی موسڵ و بەغدایان وەرگرت.

ئەوجا بەپێی هەوڵدانیکی نهێنی لە لەندەن، دەستکرا بە لێکۆڵینەوە لە پێشنیازێک بۆ لەیەکدانی کۆمپانیای نەوتی ئینگلۆ – فارس و کۆمپانیای نەوتی تورکی. لەپێش جەنگی جیهانیی یەکەمیشدا، بەریتانیا بڕیاریدا کە ٥١%ی بەشەکانی کۆمپانیای نەوتی ئینگلۆ – فارس بکڕێت، بەڵام بە هەڵگیرسانی جەنگ ئەو هیوایە نەما، کە کۆمپانیای نەوتی تورکی بتوانێ کار بکات بۆ دەرهێنانی نەوتی میسیۆپۆتامیا و بەدرێژایی ساڵانی جەنگ، لەو ڕووەوە کارێک نەکرا. هەر چەندە بەریتانیا گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە خوارووی کوردستان لەسەر زەریایەکی زێڕی ڕەش وەستاوە.

حکوومەتی بەریتانیا ئەوەی دەشاردەوە کە ئەو گرنگییەی دەیدات بە ویلایەتی موسڵ و عێراق، لەبەر نەوت نییە، بەڵام ڕاستییەکەی هەموو کارێکی ئەنجام دەدا لەپێناوی ئەوەدا، کە دەسگرێ بەسەر کوردستان و عێراقدا، لەپێناوی دەرهێنانی نەوتەکەیاندا. بۆیە جەنگی جیهانی یەکەمی بە هەل زانی بۆ ئەوەی لەساڵی ١٩١٤، لە خوارووی عێراقەوە هێرش بەرێ و، لەساڵی ١٩١٥ بەسرە بگرێ و، ساڵی ١٩١٧ ش بەغدا. ئەوجا هیچ گوێی بەوەشنەدا کە بەپێی موتارەکە، واتە بەپێی ڕیککەوتنی وەستانی جەنگ (ئاگربەس)، دەبێ چالاکییەکانی جەنگ ڕابگیرێ. هەر سێ ڕۆژ دوای تەقەوەستانی جەنگ، هێرشی بردە سەر ویلایەتی موسڵ و پێتەختەکەی گرت و خۆی داکوتا و، دوایی کەرکووکیشی گرت و ئەوجا بەپێی ڕێککەوتنێک لەگەڵ شێخ مەحموود دا، پێی خستە سلێمانیشەوە.

لێرەوە، گەمەی "پەیمانی سێڤر" و حکوومەتی کوردستان دەستپێدەکات کە ئەوانە لە سڕکردنی دەمار بەولاوە چیتر نەبوون. شێخ مەحموود بەنیازی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئاوەدان، ئینگلیز بەنیازی نەوتێکی زۆر و فراوان. ئینگلیز دەستێکی خستە نێو دەستی شێخ مەحموودەوە و، دەستەکەی دیکەی خستە نێو دەستی عەرەبەوە لە بەغداد. جیاوازییەک کە لە نێوان ئەم سێ لایەنەدا بوو ئەوە بوو،



ئینگلیز بەئاگا بوو لەنیازی شێخ مەحموود، بەڵام شێخ مەحموود نەیدەزانی ئینگلیز بۆ چ هەریسەیەک دەگرێ. عەرەبیش خۆی مەڵاس دابوو بۆ ویلایەتی موسڵی پڕ لە خێروبێر. لەبەر ئەوە بەریتانیا بۆ ئەوەی شێخ مەحموود و نەتەوەی کوردی لێ نەورووژێ و، بە هاسانی بە مەبەستەکەی بگات، ڕۆژێک لە پەیمانی سێڤردا، خۆی و هاوپەیمانەکانی تەفرەی بزووتنەوەی کوردایەتییان دەدا و، بە هەندێک بەڵێنی سەرکاغەز بۆ مافی کورد، کوردیان سڕ دەکرد، ڕۆژێکی دیکە لەپەیمانی لۆزاندا پاشەکشەیان لەو بەڵێنانە دەکرد. ڕۆژێک میجەر نۆئێلی دۆستی کوردی دەکرد بە حاکمی سیاسی لەپاڵ شێخ مەحموودا و جاڕی حوکمدارێتیی شێخ مەحموودی پێدەدا و، بۆ کوردستانی گەورە دەهات و دەچوو، ڕۆژێکیش میجەر سۆنی دوژمنی حوکمی شێخ مەحموودی دەکردە ڕاوێژکار و حاکمی سیاسیی نێوچەکە و ڕیسەکەی میجەر نۆئێلی پێدەکردەوە بە خوری.

عەرەبیش، لەولاوە لە هەوڵێکی بەردەوامدا بوو، بۆ ئەوەی بەوە شاد ببێ کە ولایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق. بۆ نموونە لەڕۆژی ١٩٢٣/١٠/١ دا فەیسەڵ لە نامەیەکیدا بۆ لۆرد کرزن دڵخۆشی خۆی پێشاندا، بەرامبەر بەوەی کرزن لە لۆزاندا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، لەوەدا کە مەسەلەی ولایەتی موسڵ واز لێبهێنرێ بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان (عصبة الامم). سوپاسی ئەوەشی کرد کە کرزن ماندوو بووە بۆ بەرگریکردن لە مافی گەلی عێراق و تکای ئەوەشی لێکرد مەسەلەی موسڵ کە ژیانی گەلی عێراقی لەسەر وەستاوە، جێگەی گرنگیدانی بێت

و، گەوهەرێکی بەنرخ بێت لە تانجی سەرکەوتنیدا! بەر لەمیش حسێنی **باوکی فەیسەڵ کە بە شەریفی مەککە** ناسرابوو، لە بەرواری ١٩١٥/٧/١٤ دا **نامەیەکی بۆ سێر هنری مەکماهۆنی،** جێگە باوەڕی بەریتانیا لە میسر ناردبوو، لەبارەی ئەو مەرجانەوە کە هەرەوەزیی ئەو و بەریتانیای لەسەر بەندە بۆ جەنگی جیهانیی یەکەم و لە نامەکەیدا دەڵێ: **(باشووری کوردستان بخەرە نێو سنووری وڵاتی عەرەبی سەربەخۆوە).** مەلیک فەیسەڵی یەکەم جارێکی تر لە راپۆرتێکدا بۆ کۆمەڵی نەتەوەکان دەڵێ: **(ولایەتی موسڵ بۆ عێراق، وەک سەر وایە بۆ لەش! لەبەر ئەوە ئێستا خۆشی و ناخۆشیی چوارملیۆن مرۆڤ لەدەستی لیژنەکەتاندایە)،** کە مەبەستی ئەو لیژنەیەش ئەوەیە ولایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق. **"سێر برسی کۆکس"** یش باری سەرنجی مەلیک فەیسەڵ بۆ وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانی دەنووسێ و دەڵێ: **"مەلیک ترسی ئەوەی هەیە کە هاندانی هەر دەولەتێکی کوردیی جیاکراوە لە عێراق لە ولایەتی موسڵ، دەبێتە هۆی ئەوەی کوردەکانی تورکیا و ئێران پێوەندیی بکەن بەو دەولەتەوە. ئەمەش دەبێتە گەورەترین مەترسی هەمیشەیی لەسەر عێراق. هەروەها مەلیک مەبەستی لەوەدا کە کوردستان بخرێتە سەر عێراق، ئەوەیە کە لە ئەنجومەنی دامەزرێنەردا کە نیاز وایە ببەسترێت، سوننە زیاتر بن لە شیعە ".**

کە ولایەتی موسڵیش خرایە سەر عێراق، کاربەدەستانی عێراق بە نیوچە مافێکی ئۆتۆنۆمی و ئیدارەی هەرێمییش رازی نەبوون بۆ کورد، تەنانەت لەوەش سڵیان دەکردەوە لە پێوەندییەکانی ئیدارەی شارێکی وەک سلێمانی کە لەبارودۆخێکی تایبەتیدا بوو، راستەوخۆ لەگەڵ مەندوبی سامی دابێت. حکوومەتی بەغداد بە نامەی تایبەتیی بۆ مەندووبی سامی دەنووسێ کە ئەوە نابێ و پێویستە "سلێمانی" یش وەک شارەکانی دیکەی عێراق بێت لەهەموو روویەکەوە!

لێرەدا دەشێ پرسیارێک بکرێت: " ئایا زەرەری چی دەبوو بۆ ئینگلیز، ئەگەر دەوڵەتی کوردستانی دروست بکردایە و، نەوتەکەشی ببردایە بۆ خۆی؟ واتە بێئەوەی ولایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق؟

وەرامی ئەم پرسیارە لەو قسەیەدا بەدیدەکرێ کە **ئەدمۆنز** لە پەرتۆکەکەیدا **(کورد و تورک و عەرەب)** دەڵێ: **"لای هیچمان گومان لەوەدا نەبوو کە ئێمە شەری ژیان و مردن دەکەین بە نیسبەت عێراقەوە، دڵنیاشین لەوەی کە بەغداد و بەسرە بەبێ موسڵ، لەرووی ئابووری و ستراتیژییەوە دەولەتێکی شیاوی لێ دروستناکرێت. بەریتانیا ئەوەشی دەزانی کە بەبێ عێراقێکی پڕ لە ئاژاوەی فرەنەتەوەیی و فرە ئاینیی، کە هەمیشە لەبەر شەڕی خۆیان نەیانپەرژێتە سەر ئەو، دەشێ ئەو پارووە چەورەی نەوتی ئەم نێوچەیەی بۆ قووت نەدرێ".**

## جگە لەوانەش بەریتانیا بەوکارەی چەند نیشانێکی شکاند:

یەکەم: – عێراق کە لەو کاتەدا لەژێر ئینتیدابی خۆیدا بوو، گەلی عەرەب قایل نەبوون بەو بارە و هەمیشە شۆرشیان لەدژی دەکرد. جا بە تەماحی ئەوەی کوردستان دەخاتە سەر عێراق و دەیانکات بە وڵاتێکی دەوڵەمەند بەهۆی نەوتی کوردستانەوە و، ئەوەش بەبێ ئینگلیز و مانەوەی لەم نێوچەیەدا ناکرێت، کاربەدەستانی بەغدا و خەڵکی ئەو نێوەی پێ دەمکوت کرد و حکوومەتی فەیسەڵی یەکەمی دروستکرد و، کردیە کۆیلەی خۆی.

دووەم: – ئەگەر دانیشتووانی کوردستان ملیان نەدا بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و بوونە کۆسپێک لەرێگەی نەوتەکەدا، ئەوا شەڕەکە لەگەڵ کوردا بە حکوومەتی عێراق دەکات. چونکە کۆسپێکی لەو جۆرە، **هەر تەنیا بەرژەوەندیی بەریتانیا ناخاتە مەترسییەوە، بەڵکو بەرژەوەندیی عێراقیش دەخاتە مەترسییەوە. یان بە دەربرینێکی تر، دەتوانین بڵێین ئینگلیز لەعێراقدا عەرەبی کرد بە پاسەوانی نەوتی کوردستان.**

سێهەم: – **ئینگلیز هەمیشە لە بزووتنەوەی شیعەگەرێتیی ترساوە لەعێراقدا. شیعە لە عێراقدا بەبێ کوردستان، زۆرینەن.** جا بۆ ئەوەی شیعە زۆر نەبێ و، رۆژێک لەرۆژان لەگەڵ ئێراندا نەبن بە یەک، کە ئینگلیز هەمیشە لەگەڵ ئێراندا ناکۆک بووە. کە واتە لە بەرژەوەندیی ئینگلیز و سەننەی عەرەبی عێراقیش بوو، ولایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق وسوننە ببێتە زۆربە، کە بەوە ئەو مەترسییە نامێنێ عێراق و ئێران ببن بە یەک.

چوارەم: – تورکیاش هەمیشە لەوە دەترسا کە کوردەکانی ولایەتی موسڵ جۆرە سەربەخۆییەک بەدەست بهێنن و، ئەوە ببێتە کێشەیەک بۆی لەبەردەم کوردەکانی

باكووردا. لەم بارەیەوە مەندوبی سامی لە ١٩٢٣/١١/١ دا بە برووسكەی ژمارە (٥٤٣) بۆ وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا دەنووسێ: "من وای دەبینم كە ئێمە دەتوانین وتووێژێكی سنوورهاسان بكەین، ئەگەر بتوانین بەڵێن بە توركیا بدەین كە واز دەهێنین لەوەی ئۆتۆنۆمی بدەین بە كورد، وەک لە پەیمانی سێڤەردا دیاریكراوە و، ئێمە ئامانجمان ئەوەیە كە هەموو ولایەتی موسل بخەینە سەر عێراق!".

پێنجەم: – توركیا بەردەوام داوای ولایەتی موسڵی دەكردەوە، بەڵام بەوەی كە ئەم ولایەتە خرایە سەر عێراق و، پەیمانی دیاریكردنی سنوور لەگەڵ توركیادا مۆركرا – بەرامبەر هەندێك تەنازولات (هاتنە خوارەوە) بۆ توركیا و، بەرامبەر بەبەشێك لە (بەشەكانی) كۆمپانیای نەوت، توركیا لەو داواكارییەی بێدەنگ بوو. بەتایبەتی ئەوكاتە هێشتا گرنگی ولایەتی موسڵ دیاریی نەدابوو. ئەوسا بابەتی نەوت لەنێوان خەیاڵ و راستیدابوو. ئینگلیز كە تەواو جێ پێی قایم كرد، لەساڵی ١٩٢٧دا، دەستیكرد بە هەڵكەندنی چاڵەنەوتەكان. ئەوە بوو لەبەرەبەیانی رۆژی ١٩٢٧/١٠/١٣ دا نەوتی بابەگوڕگوڕ لە كەركووک بەشێوەی فوارەیەكی گەورە و بەهێز و بەبەرزایی (٤٠) مەتر دەرپەڕی كە لەو رۆژەدا بە مەزنترین بیرە نەوتی گێتی ناسرا و (٢٩٠٠٠) بەرمیل نەوتی دەدا لە رۆژێكدا.

بەو جۆرە دەبینین، ئەوەی پێیدەگوترێ "زێڕی رەش" و، بۆ وڵاتانی دیكە مایەی خێروخۆشییە، بۆ كورد بوو بە قوڕی رەش و بوو بە مایەی دیلێتی و كوێرەوەریی، بوو بەهۆی ئەوەی كە هەردوو كوردستانی باشوور وباكوور لە یەک دابڕێن و، ئەویان لەسەر توركیا بمێنێتەوە و، ئەمیان بخرێتە سەر عێراق، بەپێی ئەو پەیمان و رێككەوتننامانەی لەسەر حسێبی نەوتی كوردستان مۆركران. بوو بە هۆی بەردەوامبوونی شەڕی نێوان كورد و ئینگلیز و كورد و تورک و عەرەب و كورد و فارس. بوو بە هۆی لەدەسچوونی گیانی هەزاران مرۆڤ.

بەریتانیا وەنەبێ هەر لەگەڵ كورددا ئەوەی كردبێ، لەگەڵ فەرەنسای هاوپەیمانی خۆیشیدا شتێكی لەو بارەیەوە كردووە، كاتێ رێككەوتننامەیەكی لەگەڵ فەرەنسادا مۆركرد. بەپێی ئەو رێككەوتننامەیە، فەرەنسا ولایەتی موسڵی لە مانگی دوانزەی ساڵی ١٩١٨ دا بەجێهێشت بۆ بەریتانیا (بۆ پێكەنین). پێش ئەوەی كلیمەنسووری سەرۆكی فەرەنسا رێككەوتننامەكە مۆر بكات، یەكێک لە راوێژكارەكانی پێیدەڵێ: "مەیاندەرێ، ئەم نێوچەیە نەوتی تێدایە!".



كلیمەنسووری لە وەرامیدا دەڵێ، "جا نەوت چییە، من هەركاتێ نەوتم پێویست بێ دەچم لە دەرمانخانە دەیكڕم!". بەڵام كاتێ گڕی نەوتەكەی بابەگوڕگوڕ شەوی نەزانینی كلیمەنسووری رۆناک كردەوە، پەشیمانان شاخیان لێ روا و كاڵەكیان بە ئەژنۆ دەشكاند!

بەریتانیا كە دەستی فەرەنسای هاوپەیمانی خۆی و كوردی تازەئاشنای بری و، شۆرش و حكوومەتەكەی شێخ مەحموودی هەڵوەشاندەوە، ئەوە لە ئەنجامی ئەوەوە نەبووە كە ئینگلیز لەناخیدا دوژمنی فەرەنسا و كورد و شێخ مەحموود بووە. هەروەها لەبەر خاتری چاوی رەشی عەرەبیش نەبووە. بەریتانیا بۆ سوود و بەرژەوەندیی خۆی ئەو كارانەی ئەنجامداوە. ئەوجا بەریتانیا هەڵوێستی عەرەب و حكوومەتی عێراقیشی پێ خۆش نەبووە كە كورد لەهەموو مافێكی نەتەوەیی خۆی بێبەش بێت، بەڵكو لای خراپ نەبووە كورد جۆرە مافێكی وەک ئۆتۆنۆمی و ئیدارەی نێوخۆی خۆی هەبێ.

چەرچل، لەوەرامی برووسكەی سێر برسی كۆكس دا، كەباری سەرنجی فەیسەڵی تێدا پێشاندابوو، كە گوایە فەیسەڵ مەبەستی لەوەی كوردستان بخرێتە سەر عێراق، ئەوەیە كە ژمارەی سوننە زیار بكات لە ئەنجومەنی تەئسیسی (دامەزرینەر) دا، كە نیازبوو

دابمەزرێنرێت، دەڵێ: (بڕووسکەی ژمارە ٥١٣ی ڕۆژی ٩/٢٠ تان بەجێیە، بەمەرجێک کورد نەخرێتە ژێردەستی عەرەبەوە ئەگەر خۆیان پێیان خۆش نەبوو.

ئەو بەڵگەنامانەش کە تا ئێستا ماون لە فایلەکانی کۆمەڵی نەتەوەکان (عصبة الامم) دا لەبارەی ئەوەوە کە کوردستانیان پێخرایە سەر عێراق لەساڵی ١٩٢٥ دا، ڕێزی مافەکانی کوردیان تێدا گیراوە و کاتێک کۆتایی هێنرا بە ماندات لەسەر عێراق و، عێراق لەڕۆژی ١٩٣٢/١٠/٣، وەرگیرا بە ئەندام لە عصبة الامم دا، کۆمەڵی مەرج دانرا کە دەوڵەتی عێراق ڕێزی مافی نەتەوەیی کورد بگرێت و، مافی مرۆڤ لەم وڵاتەدا ڕەچاوبکات و بەشی عێراق لەسامانی نەوتی کوردستان، بۆ کوردستان خۆی سەرف بکرێتەوە. هەر کاتێکیش عێراق بەپێچەوانەی ئەو مەرجانە جووڵایەوە، بەرپرسیار دەبێ لەبەردەم کۆمەڵی نەتەوەکان و دادگەی هەمیشەیی نێودەوڵەتیدا.

بەو جۆرە بینیمان کە ڕێگەنەدان بە سەربەخۆیی کوردستان و بەردەوامنەبوونی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود، پێوەندییەکی بەوەوە نەبووە کە گوایە شێخ مەحموود بۆ دارشتنی بناخەیەکی باش و بەهێز بۆ حکوومەتەکەی تەقەللایەکی تەواو و بەکەڵکی نەداوە، یان لەبەر ئەوە بووە کە دەوروپشتەکەی پاک و بەتوانا نەبوون، یان شێخ نەیزانیوە لەگەڵ ئینگلیزدا بیگوزەرێنێ و، دڵیان ڕاگرێت. شێخ مەحموود درێخی وەهای نەکردووە کە ببێتە هۆی تێکچوونی دەوڵەتێک، هەموو جۆرە سیاسەتێکیشی لەگەڵ ئینگلیزدا بەکارهێناوە و، ویستوویەتی دڵیان ڕاگرێت لەپێناوی بەرژەوەندیی نەتەوەکەی و بەردەوامبوونی حکوومەتەکەی و سەربەخۆیی کوردستاندا. دەوروپشتی ئەو حکوومەتانەی دیکەش کەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم دروست بوون، لەدەوروپشتی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود پاکتر نەبوون و هیچ کامیش لە سەرۆکەکانی ئەو حکوومەتانە لە شێخ مەحموود هەڵکەوتووتر و بەتواناتر و دیپلۆماسیتر نەبوون. ئینگلیزیش، وەک گوتمان، لەناخیدا نەدوژمنی نەتەوەی کورد بووە و، نە دوژمنی شەخسی شێخ مەحموود بووە و، نە دۆستی نەتەوەی عەرەب، یان حکوومەتی عێراقیش بووە، ئەو بەشوێن بەرژەوەندیی خۆیدا گەڕاوە و هەموو دنیاش بەشوێن بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕێن. پێویستە نەتەوەی کوردیش دەرسێک لە ڕابردوو وەرگرێت و بەشوێن بەرژەوەندیی خۆیدا بگەڕێ و، لە بەر بوورە، نەکەس بکاتە برای هاوپشتی خۆی و ساڵەهای ساڵ گۆرانیی بەسەر برایەتیی گورگ و مەڕدا هەڵندات و، خۆی نەکاتە گاڵتەجاڕی گورگەکەش و ئەو دنیایەش، نە کەسیش بکاتە دوژمنی خۆی و لەخۆی بوروژێنێ، یا لەبەر خاتری خاتران لیسی کوێرانەی بۆ بهاوێت.

**جارێ لەسیاسەتدا، برایەتی هەر نییە، بەڵکو دۆستایەتی و دژایەتی هەیە، ئەوجا نە دۆستایەتییەکەش، دۆستایەتی هەمیشەییە، نە دژایەتییەکەش دژایەتیی هەتاهەتاییە. ئەوانە پێوەندن بە بەرژەوەندییەکەوە. برایەتیی، ڕاستییەکە لەنێوان کەسان و کۆمەڵانی یەک خێزان و، یەک نەتەوەدا، کە دەبێ ببێ و، دەبێ هەتا سەربێ. بۆنموونە، وەک بینیمان، ڕۆژێک لەڕۆژان ئینگلیز لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا دژایەتی کورد و شێخ مەحموودی کرد و، وڵاتەکەی بەشکرد و نەوتەکەی زەوتکرد. هەر لەو پێناوەشدا دۆستایەتی عەرەب و حکوومەتی عێراقی کرد و کوردستانی پێشکێش کردن و عەرەبی کرد بە پاسەوان بەسەر نەوتی کوردستانەوە. بەڵام کاتێک ئەو پاسەوانە نەوتەکەی خۆماڵی کرد و ئینگلیزی دەرپەڕاند، یان بەوتنی عەرەب (حامیها حرامیها) دەرچوو، ئینگلیز و هەموو ئەوانەی بەرژەوەندییان هەبوو لە کۆمپانیای نەوتی عێراقدا، کەوتنە دژایەتی عێراق و گێچەڵی وەک شەڕی ئێران و کوێتیان بۆ دروستکرد و ئابڵۆقەی ئابووریيان خستە سەر و تا ڕادەیەکیش بەڵای کورددا بایاندایەوە. گرنگ ئەوەیە کوردیش سوود لەم بارە وەرگرێت و لەگۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە بڕوانێتە پێوەندییەکانی** (٢*).

(١*) – بۆ وەرامی ئەم پرسیارە، سوود لە هەندێک سەرچاوە وەرگیراوە، لەوانە: نووسینەکانی مامۆستا جەرجیس فەتحوڵڵا و یاداشتەکانی خوالێخۆشبوو ڕەفیق حیلمی و هەندێک لە بەڵگەنامەکانی ولایەتی موسڵ.

[٢*] - ئەم وتارە یەکەم جار، بۆ یادی حەفتاساڵەی دامەزراندنی حکوومەتەکەی شێخ مەحموودی نەمر لە ١٩٢٢/١١/١٠ ئامادە کرابوو و، لەهۆڵی ڕۆشنبیری و جەماوەر لەسلێمانی، لەئێوارە کۆڕێکی ئەو یادەدا، لەلایەن نووسەری ئەم وتارە خوێندراوەتەوە.

# کەڵ بەموویەک بەندە

**دوکتۆر حسێنی خەلیقی**
**٢٠٠٧/٩/٩**

زۆر لەمێژە ودوای زاڵبوونی ئاخوندخانەدانەکان بە سەرچارەنووسی نەتەوەکانی ئێراندا، بە پێی چوارچێوەی بیروبۆچوون ورێبازوقەوارە و پێکهاتەی **"ویلایەت فەقێ"**، وەک لەکولتوری سامییەکاندا باوە، تاکە سەرچاوەی دەسەڵات ودانانی یاساوڕێسا، لە ئاسمان وزەویدا، "خودا"یە ولە سەرهەردیش دوای نەمانی پەیامبەروپێشەوا و پاقژ لە تاوانەکان، ئەم سەرچاوە و تاکەکەسە **"وەلی فەقێ"** یە. لەوپێوەندییەدا ئەوەی بە پێی بڕیاری خودا، یان وەلی فەقێ رەفتارنەکا، کافر وگەورە ولەودەق وبڕیارانەی ئەورێبازەدا، کەسێ وەها ئەگەرملکەچیان نەبێ، "ئاژاوەچی لەسەرهەرد وشەڕکەرلەگەڵ خودا"یە وکوشتنی رەوایە! هەروەها خاوەن بڕواگەلی ئەورێبازە پێانوایە، ئەوەی لە سەرئەو رەوتەدەڕوا، لەبەرانبەردوژمندا، بە چۆکدا نایە وخودا هەمیشە بە سەردوژمندا زاڵی دەکا. بەم پێیە، بەرەبەرە ئەوبیرە گەشە دەکا کە چەکی تەیار و زۆری نەیار، ناتوانن بەسەر بروادا زاڵ بن ولە ئاکامی ململانێی ئەواندا، خاوەن بڕوا سەردەکەوێ وملشۆڕی و پەشیمانی خەڵاتی نەیارە! هەربۆیە لەوسەردەمەوە هەتاهەنووکە، ئەوەی رخنەی لە ئاخوندەکان گرتبێ، یان جیا لە چوارچێوەی تەسک ودژبەمافی مرۆڤی ئەوان، داوای مافێکی رەوای خۆی کردبێ، بێ سێ ودوولێکردن، لەسەرەتاوە پەسنی"کافر وشەڕکەر لەگەڵ خودا" یان وەک مۆر پێوەناوەو ودواتر بە پێی بریاری دەقەکانی ئەورێبازە، تەنیا بە تێرۆرکردن وچەک، وەڵامی داخوازەکەیان داوەتەوە! بەم جۆرە ئاخوندەکان، هەتا ئێستا ئامادە نەبوون، لەچوارچێوەی بڕیارنامە نێونەتەوەییەکان و بەندەکانی بانگجاڕی مافی مرۆڤی پەسند کراوی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وپرەنسیپە دێموکراتیکەناسراوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ماف و مافخوازی، رەفتاربکەن! لەم روانگەوە، خۆیان جیا لەو چەمک و یاساورێساگەلە، وەک سەرزەوییەکی سەربەخۆ لە تۆپی هەرد، بە پێی شیکردنەوەی یاسا پەسندکراوەکانی رێبازی خۆیان کە زۆربەیان بە کۆ لە هەزارانساڵەوە بەمیرات وەریانگرتووە، لەگشت بوارێکدا، هەڵوێست دەگرن وپێوەندییە جۆراوجۆرەکانیان لەگەڵ، بندەست وسەردەستان، لەسەرئەوبنەما، رێک وپێک دەکەن!

هەرلەوپێوەندییەدا، با وەک دەوڵەت گشت پەیماننامە نێونەتەوەییەکانیان پێواژووکرددووە، لە گرتن و راونان ولەسیدارەدانی تەنانەت میرمنداڵی ژیر١٨ساڵی رەخنەگرومافخوازان، خۆیان ناپارێزن وبە ئاشکرا گاڵتە بەوهەمووبڕیارنامەو بڵاوکراوە نیونەتەوییگەلە دەکەن وبەهێندییان ناگرن! وەک وتم بە پێچەوانەی چەمکی ئەوان رەفتاردەکەن وئەرخایەن لە سزا ونزا، لە سەرهەڵوێستی چەوتی خۆیان پێدادەگرن! سەرەڕای گشت ئەمانە وسەرپێچیکردن لە بڕیارنامەگەلی نیونەتەویی لە مەڕراگرتنی پیاتاندنی یورانیوم بە مەبەستی ئامادەسازی بۆ ئافراندنی چەکی ئەتومی، بەراشکاوی وبێترس لەهیچ وڵات وهێزوکۆڕوکۆمەڵێک، پارەوچەک بۆتیرۆریست وئاژاوەگێڕانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین، دەنێرن و بەکردەوە لە شلەژاندنی باری ئاسایشی ناوچەکەدا، بەشدارن! بەم پێیە و بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ناوچە وهەڵوێست وبەرژەوەندیخوازی بەشێک لەزلهێزەکان لە مەڕ یارمەتیدان بە پاراستنی ئەودۆخە، دەسەڵاتدارانی ئیران، لە خۆبایی بووگن و چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی سنووری وڵات، وەخۆ کەوتوون ولە سەربنەمای ئەوبیرە ئاماژەمان پێکرد، دەستیانداوەتە ئافڕاندنی تاوانی جۆراوجۆر. لە نیوخۆشدا، دەنگی هەررەخنە وداخوازێک، بە بەندکردن و لەسێدارەدان، کپ دەکەنەوە ولە دەرەوەی سنوورەکانیش، بە سان دیتن بە هێزە لەخۆ باییەکانیان وهێرشبردن بۆسەر دراوسێکان، دەخوازن نیشانبدەن، لە بەرانبەر هێز و دەسەڵاتی ئەواندا،"کەڵ بەموویەک بەندە"! ولەم جیهانەدا، کەس وهێزێک نییە لە بەرانبەر ئێمەدا راوەستێ!

تۆپ وکاتیوشابارانی نێوچە سنوورییەدەسکردەکانی باشووری وڵاتەکەمان وبەشی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، هەم بەو نێوەرۆک ولەخۆ بایی بوونەوە گری دەدرێ و هەم بە مەبەستی تێکدانی ئەو خانووە کچکەی باشوورەوە پێوەندیی هەیە کە بەخوێن ومالۆیرانی دەیانساڵەی هاووڵاتیانی کوردمان لەودەڤەرە، پێکهاتووە. تاوانی وەها سەری کێشاوەتەلای هەڵوەدابوونی هەزاران بنەماڵەی جوتیاری کێڵگەوباخ ومالۆێرانکراوی چەند جارە بە دەستی دوژمنانی نەتەوەکەمان. بە وتەیەکی دیکە، **شەلم کوێرم نابوێرم**، کێلگە وئاوەدانی وژینگەی ئەوخەڵکە هەژارەیان ئاورباران کردووە وخەلەوخەرمان وبەری رەنجیساڵیانیان سووتاندووە! هەرچەند دەسەڵاتدارانی ئێران، بەرواڵەت

دەبێژن:" لەم سنوورانەوە، ڕێکخراوی پژاک هێرش دەکاتەسەرمان وئێمەش بەمافی خۆمانی دەزانین، لەوهێرشەو لەم شوێنەدا، پارێزگاریی لەخۆمان بکەین، بەڵام هۆی سەرەکیی ئەم ڕەوتەتازە و ڕەفتارە چەوتە، هێزپێشاندان بە ئەگەری هێرشی هاوپەیمانەکان بۆسەر وڵاتەکەیانە کە مل بۆ هیچ یاسا وڕێسایەک دانانەوێنێ! ولەڕاستیدا لەوە دەترسێ، هاوکات لەگەڵ هێرشی ئاسمانیی هاوپەیمانەکان بۆ سەرئێران کە پێموایە تاشەش مانگی دیکەش ئەگەر شتێک نەقەومێ، مسوگەرنابێ، لەم بەشە لە سنوورەکانیەوە لەزەویشەوە، هێرش بکەنە سەری. بەڵگەش ئەوەیە زۆر لەمێژە پێشمەرگەکانی پژاک، لەسنوورەباکوورییەکانی ئەوبەشە لە کوردستان، لەگەڵ هێزەکانی ئەورژیمە، لە ململانێدایە و ئێران تا ئەم دواییانە هەڵوێستی لەوچەشنەی نەگرتووە. بێجگە لەوە هەرلە حەوتووی ڕابردوودا، **گریلاکانی پژاک** لە **"ڕوانسەر" نزیک کرماشان،** هێرشیان کردەسەر هێزەکانی ڕژیم وچەند کەسیشیان لێکوشتن. واتا دەستەویەخەبوونی پژاک لەگەڵ هێزەسەرکوتکەرەکانی ئەو ڕژیمە، تەنیا لەسەر سنوورەدەسکردەکان نییە، وەک باسمکرد لە قووڵایی کوردستانیشدا، زەبرلە داگیرکەران دەوەشێنێت.

ئەم هەڵویستەی ئێران، دوای هەڵوێستی لەوچەشنەی تورکییەی داگیرکەری بەشی گەورەی کوردستان، بە بیانووی هێرشی گریلاکانی پ،ک،ک لە قەندیلەوە بە مەبەستی وەرگرتنی مافی پێشێلکراو، نیشانەی هاودەنگیی ئەو دوو وڵاتەیە، بەو بیانووە بۆ تێکدانی ئەو کیانەی باشوور، نەک بۆ بەرگریکردن لە هێرشی هەڵوەنەبەزەکانی کورد بۆسەربنکەسەربازییەکانیان. چۆنکە هێزەکانی ڕێکخراوی ناوبراویش وەک پژاک لە مێژساڵە و بەڵکو گەلێک زیاتریش لە قووڵایی باکووری کوردستاندا، لەگەڵ هێزەسەرکوتکەرەکانی تورکییە، بەرەو ڕوودەبن و، تەنیا لە قەندیلەوە وەک تورکییە دەبێژێ، بۆ وەرگرتنی ماف، هێرش ناکەنە سەر پۆستاڵ ڕەشەکانی ئەووڵاتە. ئەمەش پێشاندەری ئەوڕاستییەیە کەهەردووک دەوڵەتی تورکییەوئێران لەو تۆپبارانانەدا، ئامانجێکی دیکەیان هەیە، ئەویش وەک گوتم، تێکدانی دۆخی باشووری وڵاتەکەمانە کە بووەتە چقڵی چاوی داگیرکەران. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخا، کە بە پێی نێوەرۆکی ڕێبازی بیروبۆچوونیان، چاویان بەرایی نادا، کوردی سەدانساڵ بندەست ومالوێران، ئەویش لە سەربستێک لە خاکە دەیانجار سووتاوەکەیدا، تاڕادەیەک هەوای ئازادی هەڵمژێ!

**لێرەدا سەیر ئەوەیە، هەتا هەنووکە هاوپەیمانەکان کە بە کردەوە پاراستنی**



**ئاسایشی عێراق بەگشتی وئەوبەشە لە کوردستانیان لەسەرشانە، بێدەنگن! لەوانەیە بێدەنگییەکەیان لەبەرئەوەبێ کە ئێران، بەورەفتارەی بخوازێ، ئەوهێرشەی چاوەڕوانی دەکا، وەپێشی بخا و هاوپەیمانەکانیش، لەبەرئەوە خۆبپارێزن، کە کاتی سزادانی دەسەڵاتدارەملهۆرەکانی ئێران نەهاتووە و نەخوازن زووتر لەکاتی دیاریکراو، لەگەڵ ئێراندا تووشی شەڕێکی نەخوازراوبن. ئەوەی لێرەدا جێی مەترسییە، ئەویە کە ئەگەر ئێران و ئەمریکا لەکاتی ئامادەیی ئێراندا، لەگەڵ یەکتر تووشی شەربن، لەوانەیە، ئێران بە فەرامۆشکردنی دۆستایەتی نێوان خۆی و سەرکردەکانی باشوور، بە تۆڵەی هاوپەیمانیی باشووری کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و ئەوانی دیکە، هێرش بکاتە سەر کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی و زیانی قەرەبوونەکراوی پێ بگەیێنێ! هەربۆیە هەرجموجوولێک لەوپێوەندییەدا، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەم فاکتورە، ئاکامی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە! سەرەڕای گشت ئەمانە، هێزەکوردییەکانی باکووری کوردستان، پێویستە خۆ لە ڕەفتارگەلێک بپارێزن کە خوانەخواسە، سەربکێشێتەلای لەبارچوونی ئەو هەوڵە بە تەواوی وەئاکام نەگەیشتووەی باشوور.**

# بیست وهەشت ساڵ بەسەر "فتوای جیهادی ئایەتۆڵڵا خومەینیی"، لەدژی نەتەوەی کورد تێپەڕ بوو!




لەساڵانی کۆتایی سەدەی بیست، سەدەی زانست، سەدەی تێکنۆلۆژیا و سەتەلایت و، دیمۆکراسی، ڕێبەری ڕژێمێکی داگیرکەری کوردستان بەنێوی ئایەتوڵڵا خومەینیی، بەپێڕەوی لە یاساوداونەریتی کۆنی سەدان و هەزاران ساڵە، لەدژی نەتەوەی بندەستی کورد فتوای جیهادی دەرکرد.

دوابەدوای دەرکردنی فتوای جیهاد لەلایەن خومەینییەوە، لەرۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ (١٩ی ئەگوستی ١٩٧٩ی زاینی)، بەسەدان هەزار مەلا و فەقێ و حیزبوڵڵایی کفنپۆش و جەماوەری پێڕەوی بیری بنچینەگرانەی ئیسلامیی، خۆبەخشانە و، بە کلیلی بەهەشتەوە، تێکەڵ بە سوپای ئێران بوون و، بەرەو کوردستان شاڵاویان هێنا.

ئایەتوڵڵا خومەینیی، لە فتواکەیدا کە لە میدیای ئێرانەوە بلاوکرایەوە، رایگەیاند: **"دەبێ شاری سنە لەنیو کاتژمێر و، شاری "پاوە" لە شەووڕۆژێکدا لە دژە شۆرش پاک بکرێتەوە. هەر فەرماندەیەکیش سستی و کەمتەرخەمی بنوێنێ، لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ و، سزا دەدرێت!".**

هاوکات، سەرکۆمار و سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی ئێران بەنێوی "ئەبولحەسەنی بەنی سەدر" و "هەندازیار بازرگان"، لەگەڵ ئایەتوڵا و کاربەدەستە گەورەکان، هەروەها رێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران و، حیزبی توودەی ئێران، پشتگرییان لە فەرمانەکەی خومەینی کرد و هانی خەڵکی ئێرانیان دا، تا بەوتەی ئەوان، بۆ لەنێوبردنی دژە شۆرش و پیلانی ئیمپریالیزم لەنێوچەکە، روو لە کوردستان بکەن.

بەو جۆرە، کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی داگیرکەرانەی، لە ئاینی ئیسلام و، بیروباوەڕی ئاینیی خەڵک و، دواکەوتوویی فەرهەنگیی کۆمەڵگەی ئێران کەڵکیوەرگرت و، شەڕێکی گەورە و نارەوای بەسەر نەتەوەی کورددا سەپاند و، لە ئاسمان و زەوینەوە کوردستان درایە بەر ئاگری گوللەی تانک و بۆمبای فرۆکە و، بەهەزاران رۆڵەی کورد گیران و، کەوتنە بەر لێدان و شکەنجە و ژمارەیەکی زۆریش گوللە باران کران.

بەڵام، سوپای ئێران و سوپای پاسدارانی ئیسلامیی، لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر کوردستان، نەتەنێ لە

شەووڕۆژێکدا کوردستانیان بۆ داگیر نەکرایەوە، بەڵکو لەماوەی سێ مانگدا بەهۆی یەکگرتوویی بێوێنەی خەڵکی کوردستان و، ئاگری دوژمن بەزێنی پێشمەرگە، بەرەورووی شکستێکی گەورە بوونەوە، فەرماندەکانی سوپا وکاربەدەستانی سیاسی رژێم لە کوردستان، خومەینییان ئاگادار کرد، هێزەکانیان لە بەرامبەر پێشمەرگەدا توانای بەرگری کردنیان نییە و، بارودۆخەکە بەو جۆرە بڕواتە پێش، لەشکرگەی شارەکانیش دەکەونە مەترسییەوە، پێویستە بە هەر شێوەیەک بووە، شەڕەکە بۆ ماوەیەک رابگیرێت. ئەوە بوو، خومینیی بەناچاری داوای ئاگربەسی کرد و، پەیامێکی پڕ لە درۆی بۆ گەلی کورد بڵاوکردەوە. بەڵام ئاشکرا بوو کە نیازی رژێم رێکخستنەوەی هێزەکانی و، سازکردنی ناکۆکی بوو لە نێو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا و، پاش دوو مانگ بەرە بەرە کەوتە پیلانگێڕان و، هێرشی دووبارەی بۆ سەر کوردستان دەستپێکردەوە.

پاش تێپەڕبوونی بیست و هەشت ساڵ بەسەر دەسەڵاتی رەش ونگریسی ئەم رژێمە دڕندەیە لە کوردستان، سەرەڕای شەهیدکرانی دەیان هەزار مرۆڤی کورد، سەرەرای، گرتن و لێدان وشکەنجە و گوللەبارانکردنی بەردەوامی تێکۆشەرانی گەلەکەمان، ئەرۆکە، رۆڵەکانی ئازا و تێکۆشەری گەلەکەمان لە رۆژهەڵات، بە ورەیەکی پتەوتر لە رابردوو، بە باوەڕ و هەستی پیرۆزی کوردایەتییەوە، خەباتێکی گورموگوڕتر و بەشکۆتر و پشنگدارتریان دەستپێکردووە و، لە داهاتوویەکی نێزیکدا پێگە و داوودەزگەی نگریسی رژێمی داگیرکەری ئێران بۆ هەمیشە لە کوردستان راماڵدەدا و، بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بناخەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە سەر شووره و، قەڵای تێکشکاوی دوژمنانی ئازادی




و سەربەخۆیی کوردستان دادەمەزرێنن.

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – رۆژهەڵات، لە یادی ٢٨ ساڵەی فتوا بەدناوەکەی خومەینیی، رایدەگەیەنێ، تاکە رێگەی کۆتاییهێنان بە کوشتن و پێشگرتن لە تاڵانکردنی سامانی کوردەواریی لەلایەن دوژمنانیەوە، رزگارکردنی نیشتمانەکەمانە لەدەست داگیرکەران و، بەدەستهێنانی سەربەخۆییە. لەبەر ئەوە پێویستە هەموو خەبات و بەرخۆدانێک بە ئامانجی رزگاریی یەکجاری و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێت!

**با (١٩ی ئەگوست، ساڵیادی فتوا بەدناوەکەی ئایەتوڵڵا خومەینیی خوێنڕێژ)، بکەین بە رۆژی یەکگرتن و، رۆژی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان!**

**شەرمەزاری و رووڕەشیی، بۆ رژێمی داگیرکەری ئێران و، چڵکاوخۆران و بەکرێگیراوانی!**

**بژی ئازادیی، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – رۆژهەڵات**

**٢٠٠٧/٨/١٤**

# وتوویژ لەگەڵ دوکتۆر جەمال ڕەشید،

# پسپۆڕ و شارەزای مێژووی ڕۆژهەڵاتی کۆن

## (٣)

***- پ: وشەی "کورد"، ئەمڕۆ چ واتایەکی هەیە! لە کۆندا ئەم وشەیە لەلایەن کورد خۆیەوە دانراوە، یان لەلایەن دراوسێکانییەوە بەسەریدا براوە؟!**

و: ئەمڕۆ وشەی کورد واتایەکی ئەتنیکی هەیە. گرووپێکی خەڵکە لە شوێنێکی تایبەتیدا دەژی. بەپێی وتەی خۆمان، کە زۆرجار دووبارەی دەکەینەوە: "کورد، کۆمەڵێکی ئەتنیکییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەژی، بەرهەمی کارەساتی هەزارەها ساڵی چیاکانی زاگرۆس و سەرووی میسۆپۆتامیایە. واتە ئەنجامی کارەساتەکانی وڵاتی کوردەوارییە، هەرچییەک ڕوویداوە، ئەم کوردەی لێ پەیدابووە". ئەو کارەساتانەش کە لە مێژوودا ڕوویانداوە هەمە جۆرن. کاتێک کە دەڵێین، گرووپێکی ئەتنیکییە، واتە نەتەوەیەکە. جا بۆ شیکردنەوەی بوونی ئەم نەتەوەیە، پێویستە مەرجە نەتەوەییەکانی وەک زمان و نێوی نەتەوەیی و خاک وداب ونەریتی شیبکەینەوە هەرووەها دەبێت بایەخ بە لایەنی ئەنترۆپۆلۆژی و زۆرلایەنی دیکە بدرێت، کە ئەمەش باسێکی دووروودرێژە ولێرەدا پێویست ناکات لێیان بدوێین. بابەتی ئەنتریۆلۆژیا، لە بابەتی ستروکتوری مرۆڤ دەدوێت. بۆ وێنە، بێینەوە سەر تورک کە ئەمڕۆ لە تورکیادا دەژێت، لەلایەن ئەنترۆپۆلۆژییەوە شێوەیەکی زەریای سپی نێوەڕاستی هەیە، کە دەچی بۆ کازاخستان و ئۆزبەکستان تەماشا دەکەین هەمان تورک شێوەی مەنگۆلیی هەیە! واتە ئەمانە هەرچەندە یەک نێوی نەتەوییان هەیە بەلام ناگەڕێنەوە سەر یەک ڕەگەز . واتە ئەو تورکانەی کە هاتوونەتە ئەنەدۆڵ، گۆرانکارییەکی زمانەوانی ئەنترۆپۆلۆژییان هاتووەتەسەر و، لەگەڵ خەڵکی ئەوێدا تێکەڵبوون. بۆ وێنە، یۆنانییەکانی ئەنەدۆل و ئەرمەنییەکانی ڕۆژهەلاتی ئەم هەرێمە کە بوونەتە موسڵمان، بوونەتە تورک، بەڵام شێوە و ڕوخسارەکەیان نەگۆڕاوە و، وەکو یۆنانی و ئەرمەنی ماونەتەوە. ئەم دیاردەیە لە کوردستانیشدا دەبینین، لە کاتێکدا لە هەزارەها ساڵدا ئەو جۆرە تێکەڵاوییە لە خاکەکەیاندا ڕوویداوە . بۆ وێنە، لەو کاتەدا کە مەنگۆلەکانی هۆلاکۆ، هەموو هاتن لە نەغەدە و لە مەهاباد و لە میاندوئاو و بۆکان و لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نیشتەجێ بوون، بێگومان تێکەڵ بە کورد بوون و بەرە بەرە بوون بە کورد. جا بۆیە دەتوانێن بلێین، کەوا کورد بەرهەمی کارەساتی هەزارەها ساڵی وڵاتی کوردەوارییە ، بەلام نازنێوی کورد، لە چەرخە کۆنەکاندا، مانایەکی دیکەی هەبووە. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا مات کورداکی نێوێکی تۆپۆنۆمی بووە نەک ئەتنێکی کە بە واتای (زەوی وڵاتی کوردا) تۆمارکراوە نەک نەتەوەی کوردا، کەچی ئەمڕۆ ئەم نێوە واتای نەتەوەی وەرگرتووە، بەلام لە چەرخی ساسانیدا و، پاشان لە سەرەتای ئیسلامیدا، وشەی کورد واتای شوان یان کۆچەر یشی دەدایە دەستەوە، هەر وەک چۆن وشەی عەرەب یش هەر بەو واتایە بەکار هاتووە کە ئەمڕۆ پێیاندەڵێن بدو و لەم بوارەدا ابن الاثیر کاتێک باسی سووتاندنی حەزرەتی ئیبراهیم دەکات، دەڵێت " ان نمرود و اصحابه اجمعوا على ابراهيم فقال احرقوه و انصروا الهتكم ،قال عبدالله بن عمر اشار بتحريقيه رجل من اعراب فارس و قيل هل للفرس اعراب قيل نعم الاكراد هم اعرابهم . واتە ئەوەی کە بڕیاریدا حەزرەتی ئیبراهیم بسووتێنی، یەکێک بوو لە ئەعرابی وڵاتی فارس. گوتیان بۆ لە ئێراندا ئەعراب هەیە؟ گوتی "بەڵێ، کوردەکان ئەعرابی فارسن!". لێرەدا تەماشا دەکەین وشەی کورد مانای کۆچەر دەگەیەنێت، نەک نێوێکی ئەتنیکی نەتەوەیی بێت. بەلام پاشان کە هەستی گشتیی یەکگرتوو پەیدا دەبێت،

وشەی کورد فۆرمی نەتەوەیی خۆی وەردەگرێت و خەلکی چیاکانی زاگرۆس زیاتر پشتگیریی لەو چمکە دەکەن. بزووتنەوەی نەتەوایەتیی وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسیی پشتگیری لە چەسپاندنی ئەم چمکە لە نێو دراوسێکانی کورددا دەکات، بەلام لە زمانی کوردیدا بەرامبەر ئەم نازنێوە وشەی کرمانج (کورمانج) بەکار هاتووە. وشەی کرمانج، نازنێوێکی نەتەوەییە بۆ کورد. وشەکە هێشتا هەر بە کاردێت و ماوە و هەموو کوردستانی دانەپۆشیوە.

لە مێژوودا نازنێوی (کرمانج) لە شێوەی "کوردماد" دارێژراوە کە لە (کارنامک ئەردشێر پاپگان) بە شێوەی (کورتان) مادێگان) تۆمارکراوە کە هەندێ جاریش لە سەردەمی ساسانییەکاندا پێیاندەگوترا "مادگان". ئەوجا فۆرمی (کوردماج) هەروەک چۆن لە کوردیی ئەمرۆدا هەندێ ناو پێتی (ن) دێتەسەری، وەکو "تاج" دەبێتە (تانج)، جا بۆیە کورماج دوایی بووەتە کورمانج. بەلاّم وشەی "کورد" هەر وەک خۆی ماوەتەوە و، نەگۆڕاوە. کوردماد وشەیەکی تێکهەڵکێشە وبرگەی یەکەمیان "کورد"، بەتەنێ بەشێکە لەو تێهەلکێشە بۆ ناسینی نەتەوەی کورد.

***- پ: زمانی کوردی، ئەورۆکە نێزیکەی ٤٠ ملیۆن، رەنگە زیاتریش بەم زمانە دەپەیڤن. کۆنترین نووسراوە بەم زمانە تا ئێستا دۆزراییتەوە، سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەی. هەروەها زمانی کوردی، بەزۆری سەر بە چ بنەماڵە و رەگەزێکە؟!**

و: ئێستا کتێبێکی رووسیم لەبەردەستدایە کاتی خۆی لە پێتربورگەوە بۆیان ناردێن، تێکستێک ئاینی بە زمانی مادی تێدایە لە کلێسەیەکی ئاران لە قەفقاسیادا نووسراوە ئیمرۆ دەکەوێتە ولاتی ئازەربایجانی باکوور. لەوێدا ئەو تێکستە یان ئەو دۆعایە بەچەند زمانێکی دی تۆمارکراوە. وەک تورکی نێوەڕاستی ئاسیا وفارسی ویۆنان وئارامی، دوای ئەمانەش بەزمانی ماد نووسراوە و لە کاتی خوێندندا دەردەکەوێت کوردییە و بەزاراوەی کرمانجی سەرووە و نووسەر تێدل دەڵێ: " پاکژ خودێ، پاکژ زەهم پاکژ بێ مەرگ کوژ هات ی خاچی ئەشکەرمێ رەهمەتێ مە ". لێرەدا دەبینین وشەیەکی عەرەبی وەک "رەحمەتێ" بەکار هاتووە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە سەردەمەکە سەرەتای چەرخی ئیسلامیی بووە لەوانەیە لە سەدەی هەشتی زایینیە. بەداخەوە زۆری واهەن دەلێن کۆنترێن پارچە نووسینێک لە زمانی کوردی دۆزرابێتەوە هی سەردەمی بابەتاهیری هەمەدانییە، واتە لەسەدەی (١٠ و ١١) نووسراوە ، بەلاّم وەکو دیارە ئەمەی ئەران بە دوو سەدە لەوەی بابا تاهیر کۆنترە، بەلام وادیارە لەسەدەی (٨) هێشتا نێوی ماد سێنۆنێمی نازنێوی کورد بووە. جا کورد لە چەرخەکانی ئیسلامیدا لەلایەن زۆر کەسەوە باسکرابێت، ئەوا لای هەندێ نووسەران مێژووەکەی بە شێوەیەکی ناڕاست تۆمارکراوە. بۆوێنە مەسعوودی کە باسی کورد دەکا، دەڵێ: "لەزەمانی کۆندا کە حەزرەتی سلێمان حەزی لە ژن بووە، کۆمەڵێک مەلائیکەی ناردووە بۆ ئۆرووپا ژنی بۆ بێنن، کە گەڕاونەتەوە، لە شاخەکانی ئەم کوردستانە شەیتانەکان هاتوون، ژنەکانیان بۆخۆیان بردووە، ئەوجا لە تێکەڵبوونیان منداڵیان بووە، کە ئەمرۆ بە کورد دەناسرێن. واتە باوکی کوردەکان هەموو شەیتانن و، دایکەکانیشیان مەلائیکەن". ئەم وتەیە هەر وەکو دیارە چیرۆکێکی ئەفسانەییە و راست نییە و لەنووسینی عەرەبەکاندا چەند جارێک ئەم جۆرە چیرۆکانە بەرچاو دەکەون . جا بەپێی سەرچاوەکان، یەکەم کەس کە باسی هێرشی عەرەبە موسلّمانەکان بۆ سەر ولاتی کورد و ئەرمەنی کردبێت، ئەبولقاسمی کوڕی عەبدوللایە بە (ابن خورداژبە) بەنێوبانگە. ئیبن خورداژبە لە دەستنووسێکی خۆیدا، بەنێونیشانی (ئەلمەسالک و ئەلمەمالک) کە ساڵی ٢٣٢ی کۆچی نووسیویەتی، واتە ٨٤٦ی زایینیی. باسی ولاتی کورد و ئەڕان و بەردەعە و نێوچەکانی دیکە دەکات، پاشان لەساڵی ٢٧٨ی کۆچی، واتە ٨٩١ ی زاینی، نووسەرێکی عەبباسی بەنێوی یەعقووبی، دەڵێت، هێزەکانی عەرەب، لەوڵاتی کوردەوارییەوە، ساڵی ٢٢ی کۆچی، واتە ساڵی ٦٤٣ی زایینی، هێرشیان بردووەتە سەر ئەرمینیا. لێرەدا بە سوودی دەزانین و بلێین کەوا ئەوکاتە هەموو کوردستان پێیدەگوترا ئەرمینیا، چونکە ئەرمینیا لە مێژوودا وشەیەکی نەتەوەیی نییە. هەر لە زەمانی داریووشەوە کە لە بێستوون دا ئەم نازنێوەی تۆمارکراوە تەنیا واتایەکی تۆپۆنۆمی داوەتەدەست، کە کوردستانیشی دەگرتەوە، بۆیە وڵاتی کۆردۆیەنێ لە نووسراوە یونانی و رۆمانییەکاندا بەشێک بووە لە ئەرمینیا ، هەر بۆیەش ئەرمەنییەکان تاوەکو ئەمرۆ بە خۆیان نالێن

(ئەرمەنی) بەڵکو دەڵێن های و، بە ولاتەکەشیان دەڵێن هایستان، لەبەر ئەوە وشەی ئەرمینیا بەواتای ئەرمەنی نییە و، نێوێکی جوگرافییە، بەلام نازنێوی کورد لەگەل داهاتنی ئیسلامدا واتایەکی نەتەوەیی هەبووە، جا بۆیە لەم بوادەدا یەعقوبی لە ساڵی ٨٩١ ی زایینیدا دەڵێت: "بەفەرمانی خەڵیفە عوسمان کوڕی عەففان لەشکری عەرەبە موسولمانەکان لە ژێر سەرکردەیەتیی حبیب بن مەسلەمە چوون بۆ غەزای ئەرمەنستان و بەسەر رووباری کوردەکاندا پەرینەوە".

هەرچۆنێک بێت، پاش رووتکردنەوەی شاری شارستانان (المدائن) پێتەختی دەوڵەتی ساسانی، عەرەبە موسڵمانەکان، ساڵی ١٦ی کۆچی، واتە ٦٣٧ی زایینی، روویانکردە نێوچەی ئەڵوەند (حلوان) لە کوردستانی رۆژهەلاتدا، لەکاتێکدا سەعد کوڕی ئەبوو وەقاس رووی کردبووە نێوچەی میسڵ (موصل) و ئیبن حۆقەل لەم بوارەدا دەڵێت کەوا زۆربەی دانیشتوانی کوردبوون، " وان جُل اهلها من الاکراد." ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە لەکۆندا عەرەب لە مووسڵ نەژیاوە، کەچی ئیمڕۆ کوردەکان وادەزانن کەوا مووسڵ لە بنەڕەتدا شارێکی عەرەبی بووە، جا بەم جۆرە و بەپێی بەڵگەی مێژوویی مووسڵ شارێکی کوردییە و، ئیبن حۆقەل یش ئەم راستییە دەسەلمێنێت، بەلام عەرەبەکان بەردەوام بوون لە هێرشەکەیاندا ئەوجا دەستیان گرتەسەر نێوچەکانی مەرگە و بانۆ هەدرا و باعەزرا و داسن و شوێنەکانی ئیمڕۆکە برا "ئێزدی" یەکان لێیان دەژین. ابن الاپیر لەبارەی ئەم کارەساتە دەڵێت: **" فی عهد عثمان بن عفان احتل حبیب بن مسلمه قالیقلا ثم سار فنزل میربالا فاتاه بطریرک خلات بکتاب من عیاض بن غنم بامانه فاجزاه علیه و حمل الیه البطریرک ما علیه من المال".**

ئەگەر موسولمانەکان بە پێی وتەی ابن الاثیر یەکەم جار لە ژێر سەرکردەیەتیی عیاچ ین غنم بە فەرمانی عومەر کوڕی خەتاب پەلاماری نێوچەی جەزیرەیان دابێت، ئەوا ئەم نێوچەیە مات کوردداکی شی دەگرتەوە ، کە ئیمڕۆ شارەکانی قامیشلۆ و عامووده و سەرکانی هەروەها جزیره (بۆتان) لە رۆژئاوا و باکووری کوردستان لە خۆی دەگرێت. بەڵام سەبارەت بە هێرش بۆ سەر شارەزوور ابن الاثیر دەڵێت کەوا عومەر کوڕی عەزرەی قەیسی بۆ نێررا وکاتێک نەیتوانی داگیری بکەن، عەتبەی کوڕی فەرقەدیان بۆ نارد و" **قیل ان عمر بن الخطاب استعمل عتبه بن فرقد علی قصد الموصل و فتحها سنة عشرین فاتاه فقاتله اهل نینوی فاخذ حصنها وهو الشرقی عنوة و عبر دجلة فصالحه اهل الحصن الغربی وهو الموصل علی الجزیة ثم فتح المرج و باعذرا و حبتون و داسن و جمیع معاقل الاکراد و جمیع اعمال الموصل...".** (واتە عمری کوڕی خەتاب عتبەی کوڕی فەرقەدی نارد بۆ ئەوەی موسل داگیرکات، توانی شورای رۆژهەلاتی بگرێت و رووباری دیجلە پەڕییەوە و لەگەڵ شورای رۆژئاوادا کە موسل ئەگرێتەوە رێککەوت لەسەر باج وەرگرتن و دوای هەموو ناوچەی مەرج و باعدرا و حبتون و داسن هەموو ناوچە کوردییەکانی گرت).



هەروەها لە بەرگی سێیەمی پەرتۆکەکەیدا بەرامبەر بە ستەمکاریی

دەسەڵاتدارانی عەرەبە موسڵمانەکان، ابن الاثیر زۆر زانیاریمان پێدەگەیەنێت و بە پێویستی نازانێن لێرەدا تێکستەکانی دووبارەبکەینەوە، بۆ زانیاریش زۆر تێکستمان لەلاهەیە، سەبارەت بە جەنگەکانی کورد بەرامبەر بە کۆلۆنیالە عەرەبەکان کە هەمووشی هی موسڵمانانە. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کەوا کورد هەروا بە هیچە نەبووەتە و پڕ بە دڵ بەخێرهاتنی عەرەبیان کردبێت و بە زەحمەتییەکی زۆر کورد وازی لە ئاینی خۆی هێناوە و، بووەتە موسڵمان. هەرچۆنێک بێت، بێجگە لە بلاذری و ابن الاثیر و مەسعوودی، زۆر نووسەری موسڵمانان هەیە باسی هەڵسوکەوتی کوردانیان کردووە، لەوانە ابن الازرقی ، کە لە ٩٠٢ مردووە و، ابو دلف کە لە ٩٤٢ مردووە و، ابن حوقل کە لە ٩٧٧ مردووە، یاقووتی حەمەوی ٨٩٧ مردووە هەروەها ابن مسکویە و، ئیدریسی و ئیستەخری و هەتا دوایی ....

لێرەدا ئەوەی گرنگە دەستنیشانی بکەین ئەوەیە، کەوا ابن مسکوێە کاتێک باسی کورد دەکات، وەکو نەتەوەیەک باسیان دەکات، دەڵێ گەلی رووسی، گەلی تورک، گەلی عەرەب و گەلی کورد. واتە وەکو گەلێکی سەربەخۆ نێوی کورد دەبات. ئەمە لە زانستی مێژوو زۆر

گرنگە، کە مەرجی نەتەوایەتیی کوردەکان هێژ لە سەرەتای چەرخی ئیسلامێدا وجودی هەبووە . جا بەم بەڵگەنامە و سەرچاوانەی ئاماژەمان پێکردن کە لەلایەن عەرەبە موسڵمانەکان خۆیانەوە نووسراون، دەزانین، پێوەندیی کورد لەڕاستیدا بە عەرەبەوە هەر لەسەرەتای داهاتنی ئیسلام و لە چەرخی ئەمەوی و عەبباسی دا لە سەر چ بناخەیەک دامەزرابوو، وەک پێوەندییەکی سەردەستە و ژێردەستە. ئەوەتا لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب دا، کوردەکان توانییان بە شۆرشێک عەرەبەکان لە سەیمەرە و مات کوردا کی دەربکەن. هەروەها گەڵاڵییەکان یش کە لە شارەزوور دادەنیشتن، بەرەنگاری داگیرکەرەکان بە سەرۆکایەتی ئەبوومووسای ئەشعەری بوونەوە. ئەشعەری هەتا لەژیاندا ما، هەر خەریکی کوژاندنەوەی شۆرشی کوردەکان بوو لەنێوچەکانی بێروژ و بەلاشگان، کە دەکەونە ڕۆژاوا وسەرووی ......؟! . لەکاتی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب دا، کوردەکانی خرێت نێزیک ئەهواز، شۆرشێکیان لە دژی عەرەبەکان بەرپا کرد و، سەرۆکەکەیان لە رامهورموز بەدەستی موسڵمانەکان کوژرا. کاتێکیش موختار، ساڵی ٦٦ی کۆچی (٦٨٥ی ز)، لەلایەن خەلیفەی ئۆمەوی (عەبدولمەلیک) بوو بە بەرپرسی نێوچەی ئەڵوەند، تامردنی، لەگەڵ کوردەکاندا هەر خەریکی جەنگ و لێکدان بوو. لەساڵی ٩٠ی کۆچی (٨٠٨ی ز)، کوردەکان لەو نێوچەیەی کە ئیمڕۆ لە ئێران پێیدەڵێن ستانی فارس (شیراز)، ئەو نێوچەیان لەدەستی عەرەب رزگارکرد، بەڵام پاش لەنێوبردنی کوردێکی زۆر، حەجاج کوڕی یوسف الثقفی، دەستی درێژ کردە ئەو نێوچەیە و، لەساڵی ١٢٩ی کۆچی (٧٤٦ی ز)، کوردەکان بە ناچاری بوونە هاوپەیمانی خواریجەکان، کە شۆرشیان دژ بە مەروانی دووەمی ئۆمەوی بەرپاکرد. لە چەرخی عەباسیشدا، بەتایبەت لەسەدەی نۆیەمی زاینیدا، مەئموون وموعتەسەم، بەدرێژایی ژیانیان هەمیشە هەر سەرقاڵی شەڕ و لێکدان بوون لەدژی کوردەکانی شارەزوور بوو. بەتایبەتیی کاتێک جافر کوڕی فەهەرگەس، نێوچەی میسڵ (مووسڵ) ی ئازاد کردبوو، کە هێشتا عەرەب بەتەواوەتیی تێدا نیشتەجێ نەبووبوو. لەم بارەیەوە، ابن الاثیر لە پەرتوکەکەی خۆیدا بەنێوی (الکامل فی تاریخ) دەڵێت : **"فی هذه السنة ٨٣٩ ز عصی باعمال الموصل انسان من مقدمی الاکراد اسمه جعفر بن فهرجس و تبعه خلق کثیر من الاکراد و غیرهم ممن یرید الفساد فاستعمل المعتصم عبدالله بن السید بن انس الاذی علی الموصل وامره بقتال جعفر....".** **(لەم ساڵەدا (٨٣٩ ز) کاروباری شاری موسل سپێردرا بە کەسێک کە لە سەرۆکەکانی کورد بوو، بە ناوی (جعفر بن فهرجس )، کوردێکی زۆر پشتیان گرت و، دوای کەوتن. بەڵام( موعتەسەم) عبدوڵڵای کوڕی سەیدی کوڕی ئەنەسی ئەزری دەستنیشان کرد بۆ لێدان و شەڕی جەعفەر و کوردان... .**

**"ماویەتی"**

# وتەیەکی پێویست!

## (٢)

### خوێنەرەوەی بەڕێز!

لەمێژووی هاوچەرخ و، لەنێو زانایانی گەورەی کورد لە سەت ساڵی رابوردوودا، **مامۆستا جەمال نەبەز**، جێگە و پێگەیەکی هەرە بەرز و دیاری هەیە و، بە مامۆستای کوردایەتی و، داڕێژەری زانستانەی بیری پیرۆزی سەرفرازی و رزگاریی کورد دەژمێردرێت. مامۆستا جەمال نەبەز، بەدەیان پەرتۆکی رامیاری و مێژوویی و هزری نەتەوەیی و بوارەکانی دیکەی زانستی و کۆمەڵایەتیی، بە شێوەی بابەتانە و زانستانە، پێشکێش بە پەرتۆکخانەی کوردی کردووە و، گەنجینەیەکی بەپێز و بەنرخی بۆ بەرەی ئەورۆ و وەچەکانی داهاتوو بەجێهێشتووە. لەڕیگەی بەرهەمەکانییەوە، بەدەیان و سەتان قوتابی و پێرەوی رێبازی پیرۆزی کوردایەتیی پێگەیشتوون. بەشێک لە پەرتۆکەکانی مامۆستا، پتر لە پەنجا ساڵ لەمەوبەر چاپکراون، کە بەهۆی دواکەوتوویی ئەوکاتی کوردستان، لەرووی راگەیاندن و کەرستەی چاپەمەنی و، نەبوونی چاپخانەیەکی پێشکەوتوو لە کوردستان و عێراق، بەرهەمەکان لەڕووی تەکنیکی چاپەوە لاواز و ناتەواون. جگە لەوەش، نووسەر لەو سەردەمەدا، تاکاتی بەچاپگەیاندنی بەرهەمەکانی، دەبوو گەلێک کێشە و کۆسپی جۆر بەجۆر تێپەڕ بکات، تا بتوانێت، ژمارەیەکی کەم لە بەرهەمێکی بگەیەنێتە دەستی خوێنەرەوەی کورد.



یەک لەم بەرهەمانەی مامۆستا نەبەز، نێوی **"خوێندەواری بە زمانی کوردی"** یە، کە **ساڵی ٢٥٦٩ی کوردی، بەرامبەر بە ١٩٥٧ی زاینی** بڵاوکراوەتەوە. دوکتۆر جەمال نەبەز لەم پەرتۆکەیدا، ئاستی رۆشنبیری کوردیی زیاتر لەنیو سەدە لەوەپێشی خستووەتەڕوو، هەروەها گەلێک پێشنیازی بەنرخی بۆ پێشخستنی بواری رۆشنبیریی کوردی خستووەتە بەر سەرنجی خوێندەوار و رۆناکبیری کورد لەو سەردەمەدا، کە پاش تێپەڕبوونی پتر لە پەنجا ساڵ، جێی داخە، بەشێکی زۆر لەو کەموکورتییانە، ئەورۆکەش هەر ماون و، لەنێو نەچوون. تەنانەت، ١٥ ساڵ دوای رزگاربوونی بەشێکی خاکی نیشتمانەکەمان و، بوونی دەسەلاتی خۆیی لە باشووری کوردستان، هێشتا هیج نێوەندێکی سیاسی و ئابووری و لەشکری و داد و یاسادانان و، پەروەردەمان نییە کە بەروانگەی کوردستانی و، ستراتیژێکی نەتەوەییەوە داڕێژرابێتن. هێشتا بیروباوەڕی نەتەوەیی لەوپەڕی لاوازیدایە، بیری چەوتی حیزبپەرستی و، ئێرانچێتی و عێراقچێتی و ترکچێتی و سووریاچێتیی، باڵی بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا کێشاوە. بیری سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردیی، جێی خۆیداوە بە پارەپەرستی و، بەرژەوەندیی ئابووری و، دەستەو دەستەگەرێتیی.

ئەم کۆسپ و کەموکورتییانەی ئەوڕۆکە باڵیان بەسەرتاخوازی کوردستاندا کێشاوە، پتر لە رابوردوو، ئەرکێکی گەورە و مێژوویی و نەتەوەیی، بەرەوڕووی نیشتمانپەروەرانی راستینەی گەلەکەمان کردووەتەوە. پێویستە بەهەموو شێوازێک تێبکۆشن بۆ پەرەپێدانی بیری سەربەخۆیی و، هۆشیارکردنەوەی چین و توێژەکانی کوردستان. لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە نەتەوەییە، لەماوەی چەند ساڵی رابووردوودا، بەدەیان پەرتۆک و گۆڤار و راگەیاندراوە لەلایەن کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە و، ئامادەکردنی چەند پەرتۆکێک لە نووسراوەکانی مامۆستا نەبەز، لەریزی ئەو چالاکییە رۆشنبیرییە نەتەوەییە بوون. لەداهاتووشدا، کۆی نامیلکە و پەرتۆکە کۆنەکانی مامۆستا، چاپ و بڵاودەکرێنەوە. بەو هیوایەی کە پاش دەیان ساڵ خەبات و قوربانیدانی بێئەژمار، خەباتی نەتەوەی کورد، بکەویتە سەر شاڕێی راستینەی کە رزگاریی یەکجاری و، دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستانە.

**سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی بەشی دووەمی "خوێندەواری بەزمانی کوردی" رادەکێشم. شایانی باسە، داڕشتنەوە و، نووسینەوەی هەندێک لە وشەکان، بەپێی شێوازی نووسینی ئەمڕۆ نووسراونەتەوە!**

**سەربەرزیتان ئاواتەخوازم:**
**سیروان کاوسی**

# بەشی یەکەم

## هۆی بڵاونەبوونەوەی زمانی کوردی

**سەرەتا و لەم بەشەدا لەو کەند و کۆسپانە دەدوێین کە خراونەتە سەرڕێی بڵاوبوونەوەی پێشکەوتنی زمانی کوردی. پاش ئەوەی ئەمانەمان ئاشکراکرد ئەو حەلە چارکردنیشیان دەخەینە بەرچاو.**

### ١-بەربەرەکانێکردنی زمانی کوردی:

لەسەتەی بیستەمدا، لەسەتەی هێزی کارەبا و ئەتۆمدا (*) لەسەتەی هەوڵداندا بۆ ڕزگاری و دۆستایەتی و لەیەکگەیشتن و برایەتیی گەلان، تازە لە هەندێ شوێندا نەتەوەی کورد ناوێرێ زمانی خۆی بەکار بهێنێ بۆ خوێندن. چۆنکە لەو شوێنانە کوردایەتی بەتاوان دەدرێتە قەڵەم. تاوانێکی ئەوتۆ کە سزای لە خنکاندن کەمتر نییە. بەڕاستی کۆمەڵێ نەتەوە یەک (نە) گرتووەکان دەبێ تک تک ئارەقی شەرم و شوورەیی بڕێژن لەئاستی نەتەوەی کورددا... کاتێ هەموو لەپێناوی ئازادی و چۆن یەکیا بەدەم سەری شەش شەش دەبڕن، کەچی زەق زەق بەبەرچاویانەوە (٧) ملیۆن کوردی بەستەزمانی بێتاوان لە ترکیادا نەک هەر تەنها لەهەموو جۆرە هەقێکی مرۆڤایەتی بێبەشکراون و بەس، بەڵکو ئێستەش بەدزییەوە نەبێ ناوێرن بەزمانی دایکوباوکیان گفتوگۆ بکەن! چۆنکە بەڕەسمی ترکی شاخاوییان پێدەڵێن. لە ئێرانیشدا بەبیانووی ئەوەوە کە کورد بە تیرەیەک لە فارس دەدرێتە قەڵەم (ئاوا!)، خوێندن و نووسینیان بەکوردی لێ قەدەخە کردوون و، هەر کەسێ کتێبێ، یان نامەیەکی کوردی لێبگیرێ، ئیتر ئەوە وەک پیاوی کوشتبێ، یان ماڵی میری تاڵان کردبێ، دەبێ لەزینداندا تا چەند ساڵێک بۆخۆی بزێ و کەس لێی نەپرسێتەوە. تەنها لە عێراقدا خوێندەواری بەزمانی کوردی لە سنوورێکی زۆر تەنگ و کەمدا ماوەی دراوە، کەچی هێشتا ئەوەش بەتەواوی لەلایەن کوردەکانەوە کەڵکی لێنەبینراوە.

ئەم بەربەرەکانییە سەختەی کە لەگەڵ زمانی کوردی دەکرێ، تەنها بۆ ئەوەیە نەتەوەی کورد بتوێنرێتەوە و ببرێتە دنیای نەمان. تا ئەو حەلە تەختی ڕازاوەی کوردستان بۆ داگیرکەرە جانەوەرەبێئابڕووەکان تەخت بێ و، بێترس و لەرز پاڵی لێبدەنەوە. بەڵام ئەوانەی دڵی خۆیان بەمە خۆشکردووە، دڵنیابن کە خەیاڵیان خاوە و فڕیان بەسەر مێژووی گەلانەوە نییە. ڕابوردووی گەلان بۆمان دەردەخا کە هیچ نەتەوەیەکی ڕووی زەوی بەزۆرەملی و بەنابەدڵی نەتوێنراوەتەوە و لەنێو نەبراوە، بەڵکو هەتا هەوڵدرابێ بۆ لەنێوبردن و نەهێشتنی، بەپێچەوانەی ئەوەوە گیانی نیشتمانپەروەری و هەستی نەتەوایەتی زیاتر کڵپەی سەندووە و، بڵێسەی بەرز بووەتەوە. بەڵام دیسان نابێ لەمە واتێبگەین کە ئەم بەربەرەکانییە هیچ زیانێکی لەزمانەکەمان نەداوە، بەڵکە بەپێچەوانەی ئەوەوە تا ڕادەیەکی زۆر بووەتە هۆی دواخستنی و کەمبرەوی بەبۆنەی داخستنی ئەو دوو بازاڕە گەورەیەوە (*) کە کوتاڵی کوردایەتی تێدا بڵاودەبێتەوە. لەبەر ئەوە ئەو چاپکراوەی لە عێراقدا دەردەچێ، هەر لە عێراقیشدا بڵاودەبێتەوە، چۆنکە ماوەی بڵاوبوونەوەی نادرێ لە کوردستانی ئێران و ترکیادا وەک گوتمان.

بەکورتی باری سیاسی ئێستەی کورد و ژیانی لەژێر سێبەری چەند ڕژێمێکی جیاوازدا بووەتە هۆی ئەوەی لە هەر شوێنێکدا بەچەشنێکی تایبەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ و، لەگەڵێ شوێنا زۆر بەتوندی قوڵاچۆی خۆی و زمانەکەی بکرێ، جادیارە ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبرەوی و ترساندن لەبڵاوکردنەوەی خوێندەواری بەزمانەکەی.

### ب – تەنگوچەڵەمەی جیاوازیی شێوەکان: –

بوونی چەند شێوەیەکی نەختێ دوور لەهەر زمانێکدا دەبێتە کۆسپێکی گەورە لەڕێی بڵاوبوونەوەی خوێندەواریدا بەو زمانە. لەکوردەواریدا چوار شێوەی بنچینەیی هەیە: "گۆرانی" "کرمانجی" "لوڕی" "زازایی". کرمانجیش

دووچەشنە: کرمانجی باکوور و کرمانجی خواروو (*).

ئەم شێوانەش جیاوازییان لەگەڵ یەکدی بەجۆرێکە، هەندێ جار دوو کورد زۆر بەزەحمەت لەیەکتر تێدەگەن، لەبەر ئەوە ئەو چاپکراوانەی لەنێوچەیەکی کوردستاندا دەردەچێ، لەنێوچەکانی دیکەدا زۆر کەم کەڵکی لێدەبینرێت و، لە ئەنجامدا خوێندەواری بەزمانی کوردی زۆر باوی نابێ. بۆنموونە ئەو پەرتۆکانەی لەعێراق دەردەچن، کوردەکانی بندەستی سوریا کەڵکی لیوەرناگرن و، ئەو پەرتۆکانەی لەوێ دەردەچن کوردی بندەستی عێراق باش تێیناگەن، چۆنکە بەدوو شێوەی جیاواز دەنووسرین. بۆ ئەمە پێویستە تەنگوچەڵەمەی جیاوازی شێوەکان بخەینە بەرچاومان و لەبنەڕەتەوە چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە. بەڵام جارێ با بزانین هۆی بوونی ئەم شێوانە چییە؟

بوونی چەند شێوەیەک لەهەموو زمانێکدا شتێکی ئاساییە، ئەگەرچی جیاوازیی ئەم شێوانە بەم جۆرە نەبێ کە لە زمانەکەی ئێمەدا هەیە، بەڵام دەبێ بزانین ئەم شێوە جیاوازانە لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە پەیدادەبێ، (*) لەم هۆیانە:

یەکەم: باری سیاسی – وەک ئەوەی وڵاتێک لەنێو چەند دەوڵەتێکدا دابەشکرابێ و، هاتوچووکردن لەنێوان ئەو بەشانەدا بڕابێ.

دووەم: بەرهەڵستی جوگرافی – وەک بوونی چیای سەخت و ڕووباری گەورە ودەشتی پان و فراوانی چۆڵ کە ڕێی تێکەڵبوون لە دانیشتووانی ئەو ولاتە بگرێ.

سێیەم: ژیانی کۆمەڵایەتی • وەک ئەوەی هەر بەشێک لەو گەلە تێکەڵ بە گەلێکی دیکە لەخۆی پێشکەوتووتر بووبێ.

بێجگە لەمانەش، هەندێ هۆی دیکە هەن وەک ئاووهەوای ئەو ولاتە و چۆنێتیی پێکهاتنی دەروونیی (تكوين النفسى) ئەو گەلە، بەڵام کارکردی ئەمانە بۆ سەر زمان لەوانەی پێشوو کەمترە. ئێستە ئەگەر نەختێک هوردبینەوە، دەبینین ئەم هۆیانە هەموو لە کورد ڕوویانداوە، بۆنموونە لەتلەتکردنی کوردستان و، دابەشکردنی بەسەر چوار پێنج دەوڵەتدا کارێکی وایکردووە

لەهەر شوێنێکدا نەتەوەی کورد ملکەچ بێ بۆ ڕژێمی ئەو دەولەتەی کە لەسای سێبەریدا دەژیی و، لەهەموو سەرێکەوە و، لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتانە هەریەکەیان دەیەوێ زمانی خۆی بەزۆر بسەپێنێ بەسەر کوردەکانی ژێردەستیدا و، بەجۆرێک بیانهێنێتە سەربار کە کەڵکی خۆی تێدابێ، دیارە لەم ماوەیەدا کورد دەکەویتە ژێر رکێفی زمانی رەسمی ئەو دەوڵەتەوە. بۆنموونە، لە ترکیادا کە کوردەکان تەنانەت ناوێرن بڵێن کوردین و، ناویان ناون (ترکی شاخاوی)، زمانەکەیان تەزووی زمانی ترکی پێگەیشتووە. هەروەها لەئێراندا زمانی فارسی کاریکردووەتە سەری و، لە عێراق و سووریياشدا زمانی عەرەبی تا هەندازەیەک ورۆژمی بۆهێناوە. لەبەر ئەوە زمانی کوردی لەهەر وڵاتێک لەم وڵاتانەدا شێوەیەکی تایبەتی گرتووە، دیسان ئەو بەرهەڵستە جوگرافیایانەی لە کوردستاندا هەن، وەک چیا و رووبار و دۆڵ و شیو هەموو بوونەتە هۆی ماوەنەدان بە تێکەڵبوونی دانیشتووانی کوردستان و، لە ئەنجامدا پەیداکردنی چەند شیوەیەکی جیاواز. بێجگە لەمانەش ژیانی کورد لەگەل چەند گەلێکی لەخۆی پێشکەوتووتردا وەک عەرەب و ترک و فارس وایکردووە لەهەر شوێنێکدا زمانەکەی تەزووی زمان و ئەدەبیاتی ئەو گەلەی دیکەی پێبگات. کەواتە، بەکورتی: ژیانی کورد لەسای سێبەری چەند رژێمێکی جیاوازدا و، دوورخستنەوە و ماوەنەدانی بە تێکەڵبوون لەنێوخۆیدا و بێبەشکردنی لەخوێندن و زیندووکردنەوەی زمان و سامانی نەتەوایەتیی خۆی، بووەتە هۆی پەیداکردنی چەند شێوەیەکی جیاواز و، هەتا بەم بارە بمێنێتەوە، ئەم جیاوازییەش پتردەبێ و، شێوەکان دوورتر دەکەنەوە لەیەکدی.

ئێستە کە تێگەیشتین هۆی پەیدابوونی ئەم شێوانە لە زمانەکەماندا چییە، دیارە دەبێ بزانین کە بوونی داوودەزگەیەکی یەکگرتووی ڕێکوپێکی خۆیی دەبێتە هۆی نێزیکبوونەوە و یەکخستنی ئەم شێوانە، بەڵام ئیمڕۆ کە ئەو داودەزگەیە نییە، پێویستە لەسەرمان هەتا ئەو حەلە لەڕێگەی بەهێزکردنی هەستی یەکێتی و گیانی برایەتی و

هاوچارەنووسییەوە دەمی خەڵک بە خوێندنەوەی کوردی چێشکە بکەین و ئەهلی شێوەکان بەیەکدی بناسێنین. بێگۆمان ئەوەش بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤار و پەرتۆکەوە دەبێ بەهەموو شێوەکان، نەک تەنها بەشێوەی سلێمانی. لێرەدا دەبێ بزانین کە پێڕەویکردنی ئەلفوبێی لاتینی لەلایەن هەموو نەتەوەی کوردەوە بە هەنگاوێکی گەورە دەژمێردرێ لەم مەیدانەدا. چۆنکە ئێستە پێنج شەش جۆر نووسینی جیاواز هەیە: لە ئێراندا کورد بە خەتی شکستەی فارسی دەنووسێ و، لە عێراقدا بەتیپی عەرەبی دەسکاریکراو و، لەسووریا بە لاتینی و، لە ئەریڤان بەتیپی رووسی و، لە ترکیا نووسینی هەر نییە. لەبەر ئەوە کوردی وڵاتێک خێر لە زادەی بیری کوردی وڵاتێکی دیکە نابینێ. با دوور نەچین.... کە فەرهەنگی (مەردۆخ) لەئێران چاپکرا و هاتە عێراقەوە، چەند کەسێکی کەم نەبێ کە ئاشنای زمانی فارسی بوون، کەسی دیکە کەڵکی لێنەدی و، لەئەنجامدا ژمارەیەکی زۆرکەمی لێبڵاوبووەوە، چۆنکە بەخەتی شکستەی فارسی نووسرابوو. هەروەها کوردەکانی سووریا ناتوانن چاپکراوەکانی عێراق بخوێننەوە، چۆنکە بەتیپی عەرەبی رانەهاتوون بۆ کوردی خوێندنەوە. کوردی عێراق و ئێرانیش کتێبە کوردییەکانی سووریا دەستنادا بۆیان، چۆنکە تیپی لاتینی نازانن. کوردەکانی ترکیا کەڵک لە چاپکراوەکانی عێراق وەرناگرن، چۆنکە تیپی عەرەبی لەوێ رێبەندکراوە. دەمێنێتەوە کوردەکانی ئەریڤان کە بە تیپی رووسی کوردییەکەیان دەنووسن، بێگومان نەئەوان کەڵک لەنووسینی براکوردەکانی دیکەیان وەردەگرن و، نە براکوردەکانیان کەڵک لە نووسینەکانی ئەوان وەردەگرن، چۆنکە هیچیان شارەزای تیپی یەکتری نین.

جا بۆ ئەوەی هەموو کوردێک بتوانێ نووسینی کوردەکانی دیکە بخوێنێتەوە بە هاسانی، پێویستە هەموو پێڕەوی یەکجۆرە نووسین بکەین. بۆ ئەمەش دەبێ تیپی لاتینی بهێنرێتەکایەوە، وەک کوردەکانی بندەستی سووریا، چۆنکە، بێجگە لەوەی کە لاتینی باشترین و راسترین رێگەیە بۆ نووسینی زمانەکەمان، لەسەرێکی کەشەوە کەڵکێکی زۆرتر دەگەیەنی بە براکوردەکانی ترکیا کە بێبەشن لە خوێندن و نووسین بە زمانی خۆیان – بەهۆی نێزیکی لاتینی کوردییەوە لە لاتینی ترکی. جادیارە ئەو چاپکراوەی کە بەم تیپانە بنووسرێ کوردەکانی ترکیاش زۆر بە هاسانی سەری لێدەردەکەن. دیسان بڵاوکردنەوەی تیپی لاتینی لە باشووری کوردستاندا، وەنەبێ شتێکی زەحمەت بێ، ئەگەر بێتو دڵسۆزانە هەوڵ بدرێ لەگەڵی. چۆنکە خوێندەواری بەزمانی کوردی لە عێراقدا تا رادەیەک ئازادە. دەمێنێتەوە سەر کوردەکانی ئێران، لام وایە ئەوانیش کەمێ ماوەیان بدرێ بەزوویەکی زوو ئاشنای ئەم نووسینە دەبن. سەبارەت بەوەی لاتینی گەلێک سووکتر و رەوانتر و خۆشترە لە خەتی شکستەی فارسی ئێستەیان. لەئەنجامدا ئەم کارە پیرۆزە، نێزیک خستنەوەی شێوەکانمان زۆر بۆ هاسان دەکات.

جا بۆئەوەی خوێندەواری بەزمانی کوردی بڵاوببێتەوە، پێویستە هەوڵبدەین بۆ نێزیکخستنەوەی شێوەکان بە پێڕەویکردنی تیپی لاتینی و بەکارهێنانی هەموو شێوەکان بۆنووسین.

ج – نەبوونی هۆی چاپکردن و بڵاوکردنەوە: – نەبوونی دەسگەیەکی رێکوپێک بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوە، بەلای منەوە کۆسپێکی گەورەیە لەرێی پێشکەوتن وپەرەسەندنی خوێندەواری بەزمانی کوردی، چۆنکە وەنەبێ نەتەوەی کورد خوێندەوار و تێنەگەیشتووی وای نەبێ کە نەتوانێ خزمەتی زمانەکەی خۆی بکا و، ببیاتە ریزی زمانە زیندووەکانی جیهانەوە، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوەوە، گەلێک زانا و ئەدیبی هەڵکەوتووی وای هەیە یادگاری زۆر بەرز و بەنرخیان بۆ هێناوەتە بەرهەم. بەڵام سەبارەت بەوەی لە کوردستاندا داودەزگەیەکی بڵاوکردنەوەی وانییە ئەرکی لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی ئەو نووسراوانە بخاتە ئەستۆی خۆی، دیارە خاوەنەکانیان ناچاردەبن لەسەر ئەرکی خۆیان لەچاپی بدەن و، هەر خۆشیان دەستەبەر ببن بۆ بڵاوکردنەوەی. جا ئەو کەسە، ئەگەر هەژار و دەستکورت بوو،ئەوا هەر بۆی چاپ ناکرێ. خۆ ئەگەر هاتوو نەختێک

دەسترۆیشتوو بوو، بەڵام کوردێکی بەجەرگ و لێبوردوو نەبوو، ئەوا لەتاو نەبوونی چاپخانە لەوڵاتەکەی خۆی، ناچار دەبێ وازی لیبێنێ. هەر بەم جۆرەش بووە کە بەشێکی گەورەی سامانی نەتەوایەتیمان لەنێو چووە. بەڕاستی جێی داخە کە لەم چەرخی بیستەمەدا لەهەموو کوردستانی عێراقدا (*) تاقە چاپخانەیەک نەبێ، ئامادەبێ بۆ چاپکردنی چاپەمەنی بەزمانی کوردی. دەبینی لە شارێکی وەک سلێمانی دا کە بە قیبلەی کوردستان دەژمێردرێ، هەتا ئێوارێ چاپخانەیەکی (ژین) ی تێدایە کە ئەویش لە رۆژنامەکە بەولاوە ناتوانێ هیچ شتێکی دیکە لەچاپبدات. لەبەر بچووکی مەکینەکە و سووانی تیپەکانی، ئەگەر پیاو زۆر لەخۆی نەکات رۆژنامەکەشی بۆ ناخوێندرێتەوە. لێرەدا بەپێویستیدەزانم تکایەکی برایانە لەخاوەنی چاپخانەی (ژین) بکەم، بەتایبەتی کە شوکر دەست دار و بووەن – خوێندەوارانی (ژین) لەو تیپە کۆنە داخوراوانە رزگار بکەن. ئەمە سلێمانی بوو (*) کە خەلکی، حسێبی زۆری بۆ دەکەن لە مەیدانی کوردایەتیدا. جا با بێینەوە سەر شاری هەولێر، کە نەک تەنها کۆنترین شاری کوردستانە و بەس، بەڵکو لە شارە هەرە کۆنەکانی جیهان دەژمێردرێ. کەچی هەتا ئێستە لە چاپخانە کۆنەکەی خوالێخۆشبوو (حوزنی موکریانی) بەولاوە، کە لەم دووایەیەدا مامۆستا گیوی برای ناوی نا (چاپخانەی کوردستان) چاپخانەی دیکەی بەخۆیەوە نەدیوە. ئەم چاپخانەیەش هەرچەندە نێزیکەی ٤٥ ساڵە لەکاردایە و، لەم ماوەیەدا چی لە وزەدا بووبێ دریخی نەکردووە (*). بە ئەندازەیەک بەشێکی زۆری چاپکراوە کوردییەکان لەوێ لەچاپدراون، بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەنەکەی کەم دەست وبێ پشتیوانە و، هاوکات، خۆی کرێکار و تیپریزکەر و هاتوچووکەرە، دیارە ئەو خزمەتەی کە لێی چاوەڕواندەکرا، نەیتوانیوە بیکا. بێگومان "کەرکووک" یش کە گەورەترین شاری باشووری کوردستانە، لە هەولێر و سلێمانی باشتر نییە. چۆنکە لە کەرکووک، ئەگەرچی چەند چاپخانەیەک هەیە، بەڵام لە چاپخانەکەی ئەمین عصری کە پێی دەڵێن چاپخانەی تەرەقی – بترازێ، ئەوانی دیکە تا ئێستە تاقمی رێکوپێک و تەواویان نییە بۆ چاپکردنی کوردی. خاوەنی "چاپخانەی تەرەقی" ش بێ چاوێنی بێ، هەتا (نان و ماست) و (شای ماران) و (ئیزرائیل و زەنجەفێل) و (چل تووتی) لێ وەستابێ، شتێک لەچاپ نادات کە بڵێین ئۆخەی (*). دەمێنێتەوە سەر نێوچەی بادینان. خۆ لە بادینانیش، خوا نەکا کتێب ببێ بە کوردی، چ جایەکی چاپخانە (*).

کە واتە لە کوردستاندا ماوەی چاپ و چاپگەری نییە. لەبەر ئەوەیە کوردێکی بەسەزمان کە بەهەزاران کوێرەوەری و ترس و شەونخوونی نامیلکەیەک دەهێنێتە بەرهەم، دەبێ رووبکاتە بەغدا و، لەوێش ناچاربێ لە چاپخانەی مەعارف لەچاپی بدات. چۆنکە هەتا ئەم رۆژانی دوواییە،



تیپی کوردی هەرلەوێ دەستدەکەوت. "چاپخانەی مەعارف" یش، بەهۆی کارزۆری و بێباکییەوە، چەند مانگێک ئەو کەسە لە بەغدا دەهێڵێتەوە، یان ئەوەندە هاتوچووی بەغدای پێدەکا، نووسراوەکە ١٠ قات و ١٥ قات لەسەری دەکەوێ. ئەو حەلە

چاری نامێنێ دەچێ نرخێکی وازۆری لەسەر دادەنێ کە زیانی تێدا نەکات. لەوەدا دەبینێ کتێبەکانی بۆ نافرۆشرێ و دەکەوێتە ژێرباری قەرزەوە. بەکورتی، کارێک بەسەر ئەو نەگبەتەدێ ئەگەر زۆر بەزات و چاوقایم نەبێ، ناتوانێ جارێکی دیکە لاپەرەیەک لەچاپبداتەوە. هەر ئەم رەوشە ناخۆشەش بوو وای لەهەندێ کەس کردقسە لەگەڵ چەند چاپخانەچییەکی بەغدایی بکەن و، بیانخەنە سەر کەڵکەڵەی هێنانی تیپی کوردی. بەڕاستیی هەندێکیان بۆ بەربەرەکانێکردنی چاپخانەی مەعارف، دەستوبرد کەوتنەخۆیان و، یەک لەدوایەک تاقمی کوردییان پەیداکرد. لەبەر ئەوە ئێستە لە چاپخانەی ئەسعەد و نجوم و تمدن و نجاح و نوور، ئەم تیپانە دەستدەکەون.

ئەمە هەتا ئێرە بەزمی چاپکردن بوو. ئەمجا با بێینە سەر بەزمی بڵاوکردنەوەی ئەو چاپکراوەی کە وا بەم دەردیسەرییە پێکهاتووە. دەبینی ئەو کەسە هەرئەوەندە کتێبەکەی لەژێر چاپ دەرچوو، دەستبەجێ تەنگوچەڵەمەی بڵاوکردنەوەی دێتە بەردەم. بەڕاستی بڵاوکردنەوەی چاپکراو لە کوردستاندا، لە چاپکردن گرانتر نەبێ هاسانتر نییە. چۆنکە هەندێ جێ هەر بەجارێ کتێبخانەی تێدا نییە. لەبەر ئەوە زۆر جار پەرتۆکەکان بەسەر ورگی خاوەنەکەیانەوە دەمێنێتەوە و، هەندێ جاریش ناچار دەبێ بیداتە دەست کەسانی ئەوتۆ کە پارەکەی بۆ بخۆن و، مایەی بکەن بە مایەی پیوازفرۆش. جا ئەو حەلە ئەگەر نووسەر زۆر دڵسۆز و لێبوردو نەبێ، بەتەواوەتیی زەوقی دەشکێ و، ورە بەردەدا و ئیتر لەباتی تۆبەیەک سەد تۆبە دەکا کە تا ماوە پەرتۆک چاپ نەکاتەوە.

بۆ چارکردنی ئەمەش پێویستمان بە تاقمی گەنجی ئیشکەرە کە چاکی خەبات بکەن بەلادا و پرۆپاگەندەیەکی زۆر بکەن بۆ چاپەمەنیی کوردی. لەسەرەتاوە بەدەستی خۆیان بە هەمووڵایەکدا بڵاویبکەنەوە و، خەڵک هانبدەن بۆ کڕین و خوێندنەوەی، هەتا راستەخەڵکەکە وایان لێ دێ دەمیان بە خوێندنەوەی کوردی چێشکە دەبێ. بێجگە لەمەش، بوونی چەند نێوەند (مرکز) ێک بۆ دابەشکردنی چاپکراوی کوردی، شتێکی زۆر پێویست و بەکەڵکە، وەک **کۆگای سرۆچک و گەلاوێژ و زیوەر لە سلێمانی و کتێبخانەی پشتیوان لە خانەقین (*).**

بەمەدا بۆمان دەردەکەوێ، نەبوونی داوودەزگەی چاپکردن و بڵاوکردنەوە لە کوردستاندا، بووەتە بەرهەڵستێکی گەورە لەرێی پێشکەوتنی خوێندەواری بەزمانی کوردی. لەبەر ئەوە، یەکەمین هەنگاو کە دەبێ بینێین، دامەزراندنی بنکەیەکە بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی نووسراوەی کوردی (*). ئەمەش پێکنایەت هەتا چەند گەنجێکی بەکاری دڵسۆز دەست نەکەن بەیەکا و، سەرمایەیەک پێک نەهێنن. بۆ ئەوەی ئەو حەلە هەر کەسێ کتێبی کوردی هەیە و، ناتوانێ لەچاپی بدا، ئەوان لەگەڵی رێکبکەون و بۆی چاپ بکەن، یان بەجارێ لێی بکڕن و قازانجەکەی بەخت بکەن بۆ بنبەسترکردنی پرۆژەکەیان. ئەوەی شایانی باسکردنە لێرەدا ئەوەیە، ئەمانە دەبێ لەهەموو نێوچەکانی کوردستاندا، چ لە شارەکان و چ لە گوندەکان، خەڵکی باوەرپێکراویان هەبێ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو چاپکراوانە و، ناو بو ناو حسێبیان لەگەڵدا بکەن، هەتا قازانج و زیانی خۆیان تێبگەن. پێشموایە ئەگەر نێوەندی بنکەکە لە شاری کەرکووک دابنرێ باشترە. چۆنکە کەرکووک گەورەترین شاری کوردە و، نێوەندی باشووری کوردستانە. هیچ قەیناکا ئەگەر ئەمانە لەسەرەتاوە کتێبەکانیان لە چاپخانەیەکی بەغدادا لەچاپ بدەن، هەتا بۆخۆیان چاپخانەیەک دادەمەزرێنن. بۆ دامەزراندنی چاپخانەش لە کوردستاندا، کە هەنگاوێکی زۆر گەورە و گرنگە بەرەو بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بەزمانەکەمان، من ناڵێم تاقە کوردێک هەستێ و دەستبەرێ چاپخانەیەک بکڕێ، هەر چەندە چاپخانە وەنەبێ ئەوەندە گران بێ. بەڵام چی دەبێ ئەگەر وەک (شرکەتێکی مساهمە) چەند کەسێک کۆببنەوە و، لەجێیەکی وەک کەرکووکدا کە نێو جەرگی کوردستانە، چاپخانەیەکی مام ناوەندی دابمەزرێنن، ئەو حەلە هەرچی پەرتۆکی کوردی هەیە لەوێ لەچاپ بدرێ و، ئەوەندە پارە و ئەرکان بەفیڕۆ نەڕوا بەملا و بەولادا. بێگومان ئەمە شتێکی زۆر هاسانە و، هیوام وایە بەم زووانە ئەم ئاواتەمان بهێنرێتەدی.

**"ماویەتی**

# مێژووی "مواد مخدر" له ئێران و جیهان!

## (٢)

نووسینی: سیروان کاوسی

"موادمخدر" یان مادەسڕکەرەکان، چەندین جۆری هەیە. لەولاتانی ئاسیا، بەتایبەتیی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، تلیاک زۆرترین هۆگری هەیە و، لە ساڵدا بەدەیان هەزار کیلۆی بەئاشکرا، یان بەڕێگەی قاچاخ بە ولاتانی نێوچەکە و، لەوێوە بە ئۆروپا و ئەمریکادا بلاودەکرێتەوە.

تلیاک چییە و، چۆن دێتە بەرهەم؟!

تلیاک ڕەنگی قاوەیی (ڕەش ئاماڵ سۆر) ی هەیە و لە گیایەکی بەنێوی "خەشخاش" دەگیرێت. ئەم گیایە لقێکی وەک نێرگی ڕێواس چووزە دەکێشێ و، سەری نێرییەکە وەک تۆپ خڕدەبێ و بەسەرییەوە ڕیزێک گوڵی ورد دەردەکا. کاتێ گوڵەوردەکانی سەرتۆپی نێرییەکە سیس دەبن، بە گوێزان چواردەوری سەرتۆپی نێرییەکە بە ئاستەم دەبڕن. پاش ٢٤ کاتژمێر، شیلەیەکی خەست بەرەنگی قاوەیی و



هەندێک جار بەرەنگی ڕەش دێتە دەرەوە و، بەسەر پێستی سەرتۆپی نێرییەکەوە دەنووسێت. ئەوجا باخەوانەکەی بە چەقۆی تایبەت، شیلەکە کۆدەکاتەوە و، لە قاپێکی دەکات. بەم شێوەیە شیلەی سەرتۆپی هەموو گوڵە خەشخاشەکان کۆدەکەنەوە، تێکەڵ بەیەکی دەکەن و، پاش ئامادەکردنی دەیفرۆشن..

گیای خەشخاش لە ئینگلیزی پێی دەگوترێت: papaver Somniferom. لە زمانی فارسی کۆندا پێیاندەگوت "ئەفیون"، ئێستا پێیدەڵێن "تریاک". وشەی تریاک لە وشەی یۆنانی " Theriacææ وە وەرگیراوە، هەروەها وشەی "ئەفیۆن" یش، لەوشەی یۆنانی Opion ەوە وەرگیراوە. لەزمانی کوردیدا پێیدەڵێن "تلیاک".

### بارودۆخی ئەفیون و ئەفیونکێشان لەسەردەمی ڕژێمی پەهلەوی دا!

پاش ڕووخانی حکوومەتی قاجار و بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕەزاشا، و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆناڵی فارس، دیاردەی ئەفیون وەک خۆی ما و، بەوێنەی سەردەمی حکوومەتی قاجار، لەزۆربەی ستانەکانی ئێران گیای خەشخاش دەچێندرا. ساڵی ١٣٠٥ شاندێکی کۆمەڵی دەوڵەتان سەردانی ئێرانیان

کرد و، سەبارەت بە بەکارهێنانی تلیاک لە ئێران لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدا. پاشان راپۆرتێکیان ئامادەکرد و، تێیدا نووسییان ٥٠%ی خەڵکی ئێران تلیاک دەکێشن و، لەزۆربەی گوندەکانیش کێشان وخواردنی تلیاک، وەک دەرمان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی بەکاری دێنن. بەشێک لە جۆتکارەکان و، فیۆدالەکان کە زۆرینەی داهات و، بەروبووی کشت و کاڵییان بەرێگەی کشتی خەشخاش و فرۆشتنی تلیاکەوە دابیندەکرا، حکوومەت نەیدەزانی بە کێی دەفرۆشن و، داهاتی ساڵانەشیان چەندە. لەکاتی سەردانی فەرمانبەر و ژاندارمی حکوومەت بۆ لێپرسینەوە و چاودێریکردنیان، بە دانی بەرتیل کە بریتی بوو لە پووڵ و تلیاک پێیان، خۆیان لە ئاست ئاشکراکردنی چاندن و رێژەی داهاتی ساڵانە و، باجدان بە حکوومەت لاددا، کە ئەوەش راستەوخۆ زیانی بە داهات و بووجەی حکوومەت دەگەیاند. بۆ پێشگرتن لەم دیاردەیە، ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی (١٩٢٥) بۆ یەکەمجار قانوونی ژمارە ٢٧٥ لەلایەن پەرلەمانی ئێرانەوە پەسندکرا. قانوونەکە بریتیبوو لەوە کە دەوڵەت، دەبێ چاودێریی بەرهەم و بلاوکردنەوەی تلیاک و تووتن بکات و، تەنێ حکوومەت مافی هەیە، هەناردەی تلیاک بۆ دەرەوەی وڵات ئەنجام بدات. (قانوونی ژمارە ٢٧٥)، ئەم دوو مادەی خوارەوەی لەخۆ گرتبوو:

١- هەر کەسێک تلیاک دەکێشێت، پێویستە "سوختە"ی (١*) تلیاکەکەی بدات بە حکوومەت.

٢- هەر کەسێک بەنیازی سەرفەر و گەڕان لە سنووری وڵات بچێتە دەرەوە و، لەمسقاڵێک تلیاک پتری پێبێت، بە قاچاخ حسێب دەکرێ و، تلیاکەکەی لێ زەوت دەکرێت.

قانوونی ژمارە ٢٧٥، نەتەنێ هەنگاوێک نەبوو بۆ لەنێوبردنی تلیاک و، دیاردەی تلیاککێشان، بەڵکو حکوومەت ناڕاستەوخۆ هانی خەڵکی دا تا خەشخاش بەرهەم بهێنن، بەمەرجێک باجی حکوومەتی لێبدەن. هەروەها ئەم بڕیارەی حکوومەت، بەرنامەیەکی گونجاو و بەکردەوە نەبوو تا گوشار بخاتە سەر بازرگانەکان و، فرۆشیارانی گەورەی تلیاک، کە زۆرینەی داهات و، هەناردەی تلیاکیان پاوان کردبوو، ناچاریان بکات باج بە دەوڵەت بدەن و، واز لە فرۆش و ساتوسەودای نایاسایی تلیاک بهێنن. لەبەر ئەوە حکوومەت دیسان لەرێکەوتی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٠٧ هەتاوی (١٩٢٨) یاسایەکی نوێی دەرکرد کە ئەمیش وەک یاسای پێشوو، ٢ مادە بوو:

**١- هەر کەسێک لە سنوورەکانی وڵات دەچێتە دەرەوە، دەتوانێت تا (١٦) مسقاڵ سوختە (خڵتە) ی تلیاک لەگەڵ خۆی ببات، ئەگەر کەسێک ویستی لەو رێژەیە پتر بباتە دەرەوە، پێویستی بە دانی باج هەیە.**

**٢- نرخی باجی دیاریکراو لە (١٦) مسقاڵ بۆ سەرەوە، بریتییە لە (١) قەران بۆ خڵتەی تلیاک. بۆ تلیاکیش (٢) قەران و نیو (٢/٥٠٠ دینار) باجی هەیە.**

ئەم یاسایەش زیانی لە سوودی زیاتر بوو بۆ خەڵک و، لەوە بەدواوە خەڵک روویانکردە پیتاندنی خڵتەی تلیاک (شیلە). چونکە باجی خڵتەی تلیاک، لە تلیاک خۆی کەمتر بوو. کارکردی "شیلە" بۆ لەش و مێشکی مرۆڤ بەدەیان جار لە تلیاک پترە و، لەئێراندا بە شیلە دەڵێن (شیرە) و، بەکەسانی تووشبووی شیرەش دەڵێن (شیرەیی). دەرکردنی یاسای نوێ، بوو بە هۆی ئەوە کە بەسەتان شیرەکێشخانە لەوڵات دابمەزرێن و، کۆمەڵە خەڵکێک پەیدا بن کە داهات و بژێوی ژیانیان بەرێگەی بەرێوەبردنی شیرەکێشخانەوە دابین بکرێت.

لەسەردەمی دیکتاتۆریی رەزاشا، لەنێوان ساڵانی ١٩٢٩ هەتا مانگی پووشپەڕی ١٩٣٤، چەندین بڕیارنامەی دەستەی وەزیرانی ئێران، سەبارەت بە چاودێریکردنی رادەی بەرهەمهێنانی تلیاک لەوڵات و کۆنترۆڵکردنی هەناردەی ئەفیون بۆ دەرەوەی وڵات، بلاوکرانەوە، بەڵام بڕیارنامەکان هەر لەسەر کاغەز مانەوە و، هیچکات نەکەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە، هۆکاری سەرەکییەکەشی ئەوە بوو، کاربەدەستانی حکوومەت بۆخۆشیان لە سوود و داهاتی زۆر و زەوەندی ئەنفیوندا دەستی باڵایان هەبوو. هەروەها بەشێکی زۆر لە وەزیران و کاربەدەستان و، فەرمانبەرەکانی حکوومەت و، تەنانەت رەزاشا و، ژنەکەی (تاج ئەلملووک)، گیرۆدەی تلیاک بوون و ئەمەش لە بیرەوەرییرکانی تاج ئەلملووک هاوسەری رەزاشادا ئاماژەی پێکراوە. دەرکردنی پەیتاپەیتای ئەو یاسا و، بڕیارنامەش تەنێ بەنیازی کۆنترۆڵکردنی داهات و دەرکەوت و، هەناردەی بوو، بۆ دەرەوە و، رژێمی رەزاشا بەهیچ شێوەیەک لەبەرنامەیدا نەبوو ئەو دیاردەیە بنبڕ بکات و، لەنێوی ببات.

شایانی باسکردنە، جگە لە پێشینەی مێژوویی ئەفیۆن لە نێو کۆمەڵگەی ئێران، کە لەژمارەی پێشوودا ئاماژەمان کردپێی، هەروەها سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران لەو کاتەدا، **سیستەمێکی نیوە کۆلۆنی و، تەواو فیۆدالی بوو.** بژێویی پتر لە ٩٠%ی خەڵک و، بوودجەی حکوومەت و، مووچەی سوپا و فەرمانبەری ولات بەرێگەی بەروبوو و داهاتی گوندەکانەوە دابیندەکرا، کە تلیاک و تووتن بەشە سەرەکییەکەی پێکدێنا. پیشەسازیی ولات بریتیبوو لە پیشەی دەستی و، **مانۆفاکتۆر** – وەک مسگەری و مافوورچنین و، ئاسنگەری و پیشەی دیکەی لەو بابەتانە. لەبەر ئەوە بووجەی سەرەکیی حکوومەت وەک گوترا، بەرێگەی هەناردە و داهاتی تلیاکەوە دابیندەکرا. دیارە لەو سەردەمەدا، **نەوت (پەترۆڵ)** لە ئێران دۆزرابووەوە و، لە ساڵی ١٩٠٧ – ١٩٠٨ لەلایەن **کۆمپانیای (دارسی)** بەریتانییەوە لەشاری **مزگەوتی سلێمان** کە لە باشووری رۆژاڤای ئێران هەڵکەوتووە و، نێوچەکە کوردی لوڕن، نەوت دۆزرایەوە و، دواتر بەچەندین چاڵە نەوتی دیکەش لە خوارووی لوڕستان و، پارێزگەی خوزستان دۆزرانەوە، بەڵام دۆزینەوەی نەوت، هیچ سوودێکی بۆ خەڵکی ئێران و، تەنانەت بۆ حکوومەتی ئێرانیش نەبوو، چونکە بە پێی رێککەوتننامەیەک لەساڵی ١٩٣٣ی زایینی، لەنێوان رەزاشا و حکوومەتی بەریتانیادا مۆرکرا، هەردوولا رێککەوتن کە بۆ ماوەی (٦٠) ساڵ، بەریتانیا بەرپرسیاری داهات و هەڵێنجان و فرۆشی نەوتی ئێران بێت. دواتریش لەئەنجامی هەردوو جەنگی دنیاگری یەکەم و، دووەمدا، نەوتی ئێران زۆرترین یارمەتیی بە سەرکەوتنی سوپای بەریتانیا و بەرەی هاوپەیمانان گەیاند. رێککەوتننامەی نێوان رژێمی ئێران و بەریتانیا درێژەی کێشا، تا ئەو کات **دوکتۆر موسەدق سەرۆکوەزیرانی ئێران** لەساڵی ١٩٥٣ی زایینی، بەرێخستنی بزاڤێکی گەورەی جەماوەریی، رێککەوتننامەکەی هەڵوەشاندەوە و، کاربەدەستان و فەرمانبەرەکانی بەریتانیاشی لەئێران کردە دەرەوە.

پاش لابردنی رەزاشا لە سەردەسەلات و دەرکردنی لە ئێران، لە گەرمەی دووەم جەنگی جیهانیی لەلایەن بەریتانیاوە و، پاشان دەستنیشانکردنی کوڕەکەی (حەمە رەزا) لەجێگەی باوکی، ئەوجا لەساڵی ١٩٤٧ی زایینی، حکوومەتی حەمەڕەزاشا فەرمانێکی دەرکرد سەبارەت بە چاودێریکردنی راستەوخۆی دەوڵەتی ئێران بەسەر چاندنی خەشخاش لەلایەن جوتکارەکانی ولاتەوە، بۆ مەبەستی برینەوەی باجی ساڵانە بەسەر جوتکارەکاندا. لەسەرەتای شەستەکانی زایینیدا، فەرمانێکی دیکە دەرکرا سەبارەت بە نێونووسکردنی ژمارەی تووشبووانی مادە سڕکەرەکان و دیاریکردنی جیرەی تلیاکی رۆژانە بۆیان. ئەم بڕیارە پتر تووشبووانی شارەگەورەکانی گرتەوە.

سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیست، هاوکات بوو لەگەڵ بەرزبوونەوەی کتوپڕی نرخی نەوت لە جیهان و، دەوڵەتی ئێران بەهۆیەوە داهات و بووجەیەکی زۆری دەستکەوت، ئەوەش کاربەدەستانی رژێمی هاندا لەرێژەی بەرهەمهێنانی تلیاک لە ئێران کەم بکەنەوە و، زیاتر پشت بە داهاتی نەوت ببەستن. بۆ ئەم مەبەستە پلانێکیان دارشت و، بریاریاندا لەوە بەدواوە لە زۆربەی ستانەکانی ئێران پێش لە چاندنی خەشخاش بگیرێ و، چەند نێوچەیەک دیاریبکەن کە لەژێر چاودێریی راستەوخۆی وەزارەتی تەندروستی دابێت، کە ئەویش تەنێ بۆ سازکردنی دەرمان بەکار بهێنرێت. سەبارەت بە تووشبووانی ئەفیون بڕیاردرا هەوڵبدرێت بۆ چاککردنەوەیان و، چەند نێوەندێکیش بۆ ئەم مەبەستە لەولاتدا دامەزران، بەڵام جوتکارەکانی ئێران کە ساڵانێکی دووروردرێژ، بەرهەمهێنانی تلیاک سەرچاوەی سەرەکیی داهات و بژێویی ژیانیانی پێکدەهێنا، پاش دەرکردنی ئەو بڕیارە لەلایەن دەوڵەتەوە، رووبانکردە چاندنی خەشخاش و، بەرهەمهێنانی تلیاک بەشێوەی نهێنی و، بەرهەمەکەشیان بەدزییەوە دەگەیاندە دەستی کڕیار و قاچاخچییەکانی تلیاک. هەروەها بەشێک لەو تلیاکەی وەزارەتی تەندروتیش بەرێگەی فەرمانبەرەکانییەوە، دەفرۆشرا بە خەڵک. لەبەر ئەوە ئەو بڕیارەی دەوڵەت بە کردەوە نەیتوانی جێبەجێ بکرێت.

کاربەدەستانی حکوومەتیش لەجێبەجێکردنی بڕیارەکەدا شێلگیر ومکور نەبوون. لەبەر ئەوە زۆری ناخایاند فرۆشتنی تلیاک و شیرە و حەشیش و سوختە و ... هتد، بە ئازادی و بێ هیچ گیروگرفتێک لەنێو ماڵان و چایخانەی شارەکان و، گەرەکەکانی ژنانی خۆفرۆش، لەشارەکانی ئێراندا بڵاودەکرانەوە. بەسەتان شیرەکێشخانە لە شارەکان شەو و رۆژ کاریان دەکرد و، خاوەنەکانیان بە **"نگاری و کەرستەی تایبەت بەشیرەکێشانەوە"** پێشوازییان لە میوان و مشتەری دەکرد.

لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی رژێمەوە، لەساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی (١٩٧٤)، سەرژمێری تووشبووانی

مادەسڕکەرەکان کرا و، ژمارەیان بە نیو ملیۆن (٥٠٠) هەزار کەس بەراورد کرا. شایانی گوتنە، ئەم نیو ملیۆن کەسە، تەنێ تلیاکخۆر و شیرەکێشی شارە گەرەکانی دەگرتەوە و، ئەو دەیان هەزار جۆتکارەی کە لە گوندەکاندا خەشخاشیان دەچاند و، تلیاکیان بەرهەم دەهێنا، پێویستیان بە وەرگرتنی جیرەی ڕۆژانەی تلیاکی حکوومەت نەبوو، لەبەر ئەوە ژمارەی ڕاستینەیان زۆر لەوە پتر بوو کە حکوومەت



ڕایگەیاندبوو.

لەنێو بازاڕی شارەکاندا دوو جۆرە تلیاک هەبوون، جۆرێکیان نێوی **"تلیاکی کۆپێنی"** بوو کە دەوڵەت وەک جیرەی ڕۆژانە دەیدا بە تووشبووانی تلیاک، بەڵام هەر لەلایەن فەرمانبەرەکانی دەوڵەتەوە، بەشێکی زۆری دەفرۆشرا و، دەهاتە بازاڕەوە. جۆرەکەی دیکەش نێوی **"تلیاکی سەناتۆری"**، بوو، کە تایبەت بوو بە چینی دەولەمەند و کاربەدەستان و بەشێک لە بەگزادە و دەرەبەگی کوردەواری و، سفرە و خوانی مێوانداریتییان پێدەرازاندەوە. تلیاکی سەناتۆری، وەک لەنێوەکەیڕا دیارە، نرخی گرانتر بوو.

دوو لەئەندامانی بنەماڵەی شا، وەک ئەشرەف پەهلەوی (خوشکی شا) و، (شاپوور غوڵامڕەزا) برای شا، کارگێڕی سەرەکی و سەرۆکباندی "مواد مخدر" بوون لە ئێران. ئەشرەف و حەمەڕەزاشا (لفەدووانە) بوون و، ئەشرەف بە چەند کاتژمێرێک زووتر لە حەمەڕەزای برای هاتبووە دنیاوە. ئەم وتەیەش لەزمانی دایکیان، واتە تاج ئەلملووکەوە وەرگیراوە کە لە بیرەوەرییەکانیدا باسی لێوە کردووە و، دەڵێ: "هۆی لاوازبوونی حەمەڕەزا لەڕووی لەش و جەستەوە، ئەوە بوو کە ئەشرەف بە چەند کاتژمێر پێش حەمەڕەزا لەدایکبوو". ئەشرەف، جگە لە سەرپەرشتیکردنی قاچاخی تلیاک لە ئێرانەوە بۆ دەرەوە و، بۆ وڵاتانی ئۆروپا، کە لەو ڕێگەشەوە سامان و داراییەکی زۆری پێکەوە نابوو، لەڕووی کەسێتیشەوە ژنێکی ملهۆڕ و نێرباز و بێڕەوشت بوو. لە گەندەڵی و بێڕەوشتیدا وێنەی نەبوو. هەندێک جار پیاوی کەتە و، داکوتراوی ڕەشپێستی لە ئەمریکاوە دەبردە تاران، تا لەنێو کۆشکەکەیدا، لەش و ماسوولکەکانی بشێلن، جاری وا هەبوو، لەکاتی بەشداریکردنی لە بۆنە فەرمییەکاندا، هەر ئەفسەرێکی جوان و قۆزی بدیبایە، یەک و دووی لێنەدەکرد و، دەیبردە کۆشکەکەیەوە. برا بچکۆلەکەی ئەشرەف بەنێوی شاپوور غوڵامڕەزا سێ هەزار کامیۆن و ترێلی هەبوو کە بەچوارقوڕنەی ئێران و وڵاتانی دراوسێی ئێران و، بەوڵاتانی ئۆروپادا هاتوچۆیان دەکرد و، تلیاک و مۆرفینیان دەگواستەوە.

لەو چاخ و ڕۆژانەدا و، لە دەرەوەی بازنەی مافیای بنەماڵەی شا، مافیایەکی سەربەخۆ و بەربڵاو هەبوو لە ئێران کە سەرۆکەکەی نێوی **دایی قاسم، (خاڵۆ قاسم)** بوو. دایی قاسم،خەڵکی شاری هەمەدان بوو. هەر یەک لە هاژۆری ئۆتۆمۆبیلەکانی کە بارێکی تلیاکیان بۆ دەگواستەوە، ئۆتۆمۆبیلێکی تازەی سفر کیلۆمێتری بێنزی ئەڵمانی پێشکێشدەکردن. دایی قاسم، سامان و داهاتێکی زۆری پێکەوە نابوو، بەسەتان کەس کاریان دەکرد بۆی. بەدەیان فەرماندەی پێگەکانی پۆلیس و ژاندارمی سەر جادەکانی بەپووڵ و بەرتیل کڕیبوو. ڕژێم بڕیاری لەنێوبردنی خۆی و باندەکەی دا، ئەوە بوو هێرش کرایە سەری و گرتیان و لەسێدارەیان دا، بەوەش گۆڕەپانەکە بەتەواوەتیی لەبەردەم باندی ئەشرەف ساف کرا.

**ڕۆژهەڵاتی کوردستان** لەسەردەمی ڕژێمی حەمەڕەزاشادا، کەوتبووە ژێر تواندنەوەی بەردەوامی فەرهەنگی و ئابووری و نەتەوەییەوە. بەشەکانی سەرووی کوردستان وەک ستانی ورمێ و، سنە، لەهەموو مافێکی نەتەوەیی و فەرهەنگیی بێوەری کرابوون، **لە ستانەکانی خوارووش وەکو ئیلام و لوڕستان و بەختیاریی، هانی جۆتیاران درا تا لە کێڵگەکانیاندا خەشخاش بچێنن. بەدوای دەرکردنی ئەو**

بڕیارەی ڕژێم، لەنێوچەکانی کوهدەشت و چێگێنی و پێل دوختەر تا دەگاتە دێزەفوڵ و.. هتد، چاندنی گیای خەشخاش لەلایەن جۆتکارەکانەوە دەستپێکرا. بەرە بەرە جۆتکارەکان خۆیان و منداڵەکانیان فێری تلیاککێشان بوون و، لە پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک هەزاران کەس بوونە هۆگر و گیرۆدەی تلیاک و لەڕەوتی خۆیدا چوارچێوەی سەدان و هەزاران بنەماڵە لە شار و گوندەکان لەبەر یەک هەڵوەشێندرا، لەلایەکی دیکەوە، پاش ئەوەی جۆتکارەکان زانییان بەرێگەی قاچاخ و نایاسایی داهاتی زیاتریان بەردەکەوێ، بوونە قاچاخچی، یان تێکەڵ بە مافیاکانی قاچاخی تلیاک و مۆرفین بوون و لەوەوە کولتوورێکی نوێی رووخێنەریان وەرگرت و لەچوارچێوەی چینێکی خزمەتگوزاری کۆمەڵ و، بەرهەمهێنەر چوونە دەرەوە و، تێکەڵ بە بازرگانانی ئەفیون و مەرگ بوون، کە داهات وبژێوییان بەرێگەی تووشکردنی خەڵک بە ئەفیون و، زیانگەیاندن بە کۆمەڵگەوە دابیندەکرا.

لە شاری کرماشان، سەیرانگەی تاقەوسان و، چایخانەکانی چوارڕییانی جوانشێر و ئۆجاق و دەرەتویلە و دەوڵەتاوا و ... هتد، نێوەندی بڵاوکردنەوەی هێرۆین و تلیاک بوون. مافیای مواد مخدر، بە شارێی ئێران – تورکیا، لە بازرگانەوە و، بە لۆری و ئۆتۆمۆبیلی دیکە، مواد مخدریان دەگەیاندە تورکیا و، لەوێوە بۆ وڵاتانی ئۆروپا بەرێدەکرا. هێڵێکی دیکە، لە ورمێ وە دەگەیشتە "گەوەڕ" (سلۆپی) لە باکووری کوردستان و، ژمارەیەک کوردی نێوچەکەش دەستیان لەم بازرگانییەدا هەبوو. لەشاری سنە، لە قەڵای مێژوویی هەڵۆخان و پێتەختی حوکمداریێتیی ئەردەڵان – بەزاراوەی ئەردەڵانی و خەڵکی شاری سنە (بان قەڵا)، کاتێک قاجارەکان، لە ئێران دەسەڵاتیان گرتە دەست و، حکوومەتی کوردی زەندیان رووخاند، کوردستانیشیان داگیرکرد و قەڵای سنەیان خاپوور کرد و، هەرچی بەردی مەڕ مەڕ و کاری دەستکردی دەگمەن و بایەخداری تێدا بوو، دزرا و تاڵانکرا و، لە تاران، کۆشکی گوڵستان یان پێ ساز کرد. پاشان کە ڕەزاخان بە پشتیوانیی ئینگلیز، حکوومەتی قاجارەکانی رووخاند و، دەوڵەتی ناسیۆناڵی فارسی دامەزراند، قەڵای سنەی کرد بە پێگەی سەربازیی. ئەوجا پاش کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی، کە ئینگلیزەکان حەمەڕەزاشایان لەسەر تەختی پاشایەتیی دانا، ئەمیش بەوێنەی باوکی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی بەرامبەر بە کورد درێژە پێدا و، هاوکات لەگەڵ هێشتنەوەی قەڵای سنە وەک پێگەی سەربازیی، بۆ ونکردنی ڕۆژانی مێژوویی و بەشکۆی قەڵاکە لەنێو دڵی کوردان، لەسەر ئاسەواری رووخاوی قەڵا، گەڕەکێکی لێ سازکرد و، کۆمەڵێک لە ژنانی خۆفرۆشی تێدا کۆکردەوە، بۆ ئەوەی هەتا هەتایە نێو و شوێنی قەڵای هەڵۆخان لای کوردان ببێت بە شوێنێکی دزێو و بەدنێو و، کورد خۆیشی بە بێزێییەوە نێوی ببات. هەر لەم شوێنەشەوە باندەکانی تلیاک و هێرۆین کەدەستی ڕژێم خۆشی تێدا بوو، مواد مخدریان بەنێو شەقام و کۆڵانەکانی شاری سنەدا بڵاودەکردەوە.

بەکورتی، لەسەردەمی ڕژێمی حەمەڕەزاشادا، دیاردەی تلکیاک و، جۆرەکانی دیکەی مادەسڕکەرەکان نەتەنێ بنڕبنەکران، بەڵکو لەنێو خەڵکدا زیاتر پەرەیان سەند. لەگەڵ ئەوەشدا ڕژێم توانی چاودێریی هوردی چاندن و داهات و دەرکەوت و ڕادەی پێویستی وەزارەتی تەندروستی و، هەروەها ژمارەی تووشبووانی وڵات دەستنیشان بکات.

**(١*) – (سوختەی تلیاک)، بە کوردییەکەی دەبێتە (خڵتە). تلیاککێشەکان، دەمنەیەکی تایبەتیان بۆ کێشانی تلیاک لەکۆنەوە سازکردووە، کە پێیدەڵێن (وافوور). وافوور سەرێکی خڕی وەک تۆپێ هەیە. ئەوجا شیلەی تلیاکی نێو وافوورەکە پاش ماوەیەکی کورت، وشک دەبێتەوە، کە بە چەقۆ دەیکرێنن و، کۆی دەکەنەوە. پاشان دەیکوڵێنن و، شیرە، یان شیلەی لێ دەهێننە بەرهەم، کە بە چەندین پلە کارکردی لە تلیاک بۆ سەر لەشی مرۆڤ زیاترێکە. ئەو ئامێرەش شیرەی تلیاکی پێدەکێشن، پێیدەڵێن (نگاری).**

**سەرچاوە:**


***١- گۆڤاری کۆنگرە، ژمارە ٢١ مانگی گەلاوێژی ٢٠٠١ی زایینیی.***

***٢- سکای نیوز ٢٠١٥/٧/٢٤ی هەتاوی.***


**"ماویەتی"**



"مامۆستا هێمن"

# بەهار هەر دێ

لەگیاندانا دەگوڕێنم بژی هەر کورد و کوردستان
بە گوللەی دژمنانی گەل دڵیشم بێتە راوەستان
پشووی دواییم دەخوێنم بۆ گوڵ و گوڵزاری ئەم خاکە
لەسایەی ئەم گوڵ و گوڵزارەیە بوومە هەزار دەستان
دەزانن زامی دیلی چەند بە ئێش و چەند بە ئازارە!
دەبێ رابێین هەتا ئێمەش دەگەینە ریزی سەربەستان
خەتای خۆمانە تا ئێستا کە هەر وا کۆیلە و دیلین
ئەوانەی شاد و ئازادن کەمێ زووتر لە خەو هەستان
نەتاندیوە کە ڕووباری خوڕێن بەردی دەقەڵشێنێ
وەهاش هەر زۆرداری دەسووتێنێ گڕێ هەستان
لە مەیدانی شەڕانخێوی خەباتی قەڕنی بیستەمدا
سەرم سووڕما کە ئەسپی سووکەسواری کوردی بۆ وەستان
وەڵامی دامەوە پیرێکی ئازادەی جهاندیدە:
خەتای سواران نەبوو پێش سوارەکانمان قورس و ناوەستان
هومێدی بەرمەدەن رێگەی خەبات بگرن برۆنە پێش
تەماشای خەڵکی تێکۆشەر بە دیکتاتۆری چۆن وەستان
هەتا کەنگێ سیاچاڵی بەسامی دژمنی زاڵم
پڕاوپڕ بێ لە رۆڵەی گەل جمەی بێ وا لە دەس بەستان؟
هەتا کەنگێ ئەشکی خوێنینی کچە کوردی برا کوژراو
لەجێی بادە و لە بەزمی دژمنان بدرێتە دەس مەستان
مەترسن ڕۆڵەکانی قارەمانی گەل لە گیانبازی
لە کۆڕی ئەم خەباتە بێ وچانە تاقە یەک کەستان
سەهۆڵبەندانی بێدادی ئەگەرچی تووش و دژوارە
بەڵام لێم سوورە وەک ڕۆژێ بەهار هەر دێ لەدووی زستان
بەخەڵکی عالەمی سەلماندووە تاریخی ئازادی
دەبێ زاڵم لەبەر تێکۆشەران بەرداتەوە دەستان

پاشەرۆک
١٩٧٧/١١/٩

# لەبیروبڕوا و پرنسیپەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

نەتەوەی کورد یەک لە نەتەوەکانی هەرەدێرینی رۆژهەڵاتی ناڤینە و خاوەنی شارستانییەت و مێژوویەکی کۆنی هەزاران ساڵەیە. نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی لەسەر خاکەکەی کوردستان، ژیاوە و لەسەری دەژی. لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و، کۆتایی و ئاکامەکانی شەڕی دنیاگری یەکەم، کورد و نیشتمانەکەی کوردستان، لەنێوان حکوومەتەکانی شۆڤێنیست و دیکتاتۆری ئێران و عێراق و ترکییە و سوورییە و یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو دابەشکرا. خەباتی نەتەوەی کورد لەوساتە بەملاوە پێی نایە دۆخێکی دژوار و نابەرامبەرەوە و، بە دەیان راپەڕینی یەک لەدوایەکی بەمەبەستی رزگارکردنی خاک و نیشتمانەکەی بەرپا کردووە. داگیرکەرانی کوردستان، جیا لە داگیرکردنی خاکی کوردستان، بەپێی سیاسەتێکی هاوبەش، دەستیانداوەتە ژێنۆساید و تاڵانوبڕۆی سەروەت و سامان و کانزاکانی و، سووتاندن و چۆڵکردنی نێوچەکانی کوردستان و بێبەشکردنی کورد لەسامانی و، دەرکردنی لەسەر نیشتمانی باوباپیرانی.

دینەمۆ و بزوێنەری هەموو رابوون و بزاڤێکی نەتەوەی کورد، چ لە کۆن و چ لە ئێستا، لە نێوەرۆکی خۆیدا، بەمەبەستی رزگاری و سەربەستیی بووە و، هێنانی بیرۆکە و ئایدۆلۆژی دیکە نەیتوانیوە و ناتوانێ، ئەو راستییە مێژووییە لەروخسار و نێوەرۆکی بزووتنەوەکانی کورد بشواتەوە.

ناکۆکیی سەرەکی و بنەڕەتیی لە کوردستان، لەنێوان داگیرکەران و، نەتەوەی کورددایە و، ئەو ناکۆکییەش بەگۆڕینی رژێمەکان، یان بە بەشداریکردن لە بزووتنەوەی دێمۆکراتیکی وڵاتە داگیرکەرەکاندا چارەسەر ناکرێت. لەسەر ئەم بناخەیە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، گرێدان و بەستنەوەی بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بە چوارچێوەی سنووری جوگرافیایی داگیرکەران، لەلایەن پارتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بەلادانێکی ئاشکرا لەپرنسیپی کوردستانیی دەزانێ و، ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەوە شێوە خەباتە چ قازانجێکی بۆ نەتەوەی کورد و کێشەکەی تێدا نییە و نابێت. تاکە رێگە، پچڕانی دەسەڵاتی داگیرکەرانە لە کوردستان و، سڕینەوەی ئاسەواری پاشکەوتوویی و، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییە لەسەرتاسەری خاکی کوردستان.

## لەم روانگەیەوە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە پێناو ئەم ئامانجانەدا تێدەکۆشێ!

- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ پەرەپێدانی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی و، زیندووکردنەوەی کەسایەتیی نەتەوەیی لای مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی خۆی بەکورد بزانێ و، کوردستان بە موڵک و خاکی خۆی بزانێت!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات لە پێناو پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی و، یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد. دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان بەرێگەی دیپلۆماسی و، سازکردنی زەوینەی راپرسییەکی سەرتاسەریی (رفراندۆم) لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو نێوچە و مەڵبەندانەی کە بەپێی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعەرەبکردن و بە فارسکردن و، بە ترککردنی کوردستان، لەلایەن داگیرکەرانەوە زەوتکراون و، لە خاکی نیشتمان دابڕاون!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ دابینکردنی دێمۆکراسی و یەکسانیی لەسەر بناخەی بڕوابوون بە پلۆرالیزم و، جێبەجێکردنی ژیانێکی مرۆڤانە و ئازادانە و گوزەرانێکی بەختەوەرانە و سەربەرزانەی ئەوتۆ، کە شیاوی مرۆڤی ستەمدیدە و خۆڕاگری کوردبێت!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان رێز و مافی یەکسان وەک هاووڵاتییەکی کورد، بۆ ئەو کەمینە نەتەوانە دادەنێت کە پێشینەیەکی کۆنی هەزاران ساڵەیان لە کوردستاندا هەیە و، خۆیان بە کوردستانیی دەزانن!**

"ماوەی لاپەڕە ٣"

کێشەی سەرەکی و، بنەڕەتیی کورد، لەگەڵ داگیرکەرانی، کێشەی خاکە، کێشەی نێوان داگیرکەر و، داگیرکراوە، کێشەی نەبوونی دەولەت و کیان و، ناسنامەی نەتەوەییە و، ناسنامەی کورد و، هەبوونی نەتەوایەتیی، لەچوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا دەستەبەر ناکرێت.

پێوسیتە، (پژاک) و، رێکخراوەکانی دیکەی کوردستان، بیرێکی بنەڕەتیی لە کێشەی نەتەوەکەیان بکەنەوە و، درۆشم و، رێبازێک بگرنە پێش کە راستەوخۆ لە خزمەتی داخوازییەکانی نەتەوەی کورد و، سەرفرازی و رزگاریی یەکجاریی کورد و کوردستاندا بێت.

ئەوڕۆکە، رۆژی یەکگرتن و، تەبایی و هاوکاریکردنە، لە دەوری درۆشم و بەرنامەی سەربەخۆیی کوردستان. لە داهاتوویەکی نێزیکدا، هێرش دەکرێتە سەر رژێمی داگیرکەری ئێران و، کەش و دۆخێکی سیاسیی بەوێنەی باشووری کوردستان و عێراق، لە ئێران و، لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش دێتە ئاراوە. دەبێ کات بەفیڕۆ نەدەین و، بەرەیەکی راستینەی نەتەوەیی، لەهەموو ئەو لایەن و کەسایەتی و نیشتمانپەروەرانەی بڕوایان بە سەربەخۆیی و، دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان هەیە، پێک بهێنرێت و، پلاتفۆرمێکی هاوکاری و هاوخەباتی دابڕێژن و، بەکردەوە، لەنێوخۆی ولات و، لەدەرەوە، خەباتی بۆ بکرێت. دەبێ هۆشیار بین، چارەنووسی گەلی کورد لە رۆژهەڵات، بە وێنەی باشوور نەکرێتە قوربانیی ئامانج و بەرژەوەندیی سەرکردەیەتیی حیزبەکانەوە و، پێویستە درۆشمی "رفراندۆم بۆ کوردستان"، ببێت بە درۆشمی سەرزمانی ژن و پیاو و، لاو و منداڵی کوردەواریی لەسەرتاسەری کوردستان!

**بۆ پێشەوە بەرەو رزگاریی یەکجاری و، دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان!**

## ١١ی سێپتەمبەر،
## ٤٦ ساڵ بەسەر شۆرشی ئەیلوول دا تێپەڕ بوو!

رۆژی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١، شۆرشی ئەیلوول بە سەرکردەیەتیی بارزانیی نەمر لە باشووری کوردستان دەستپێکرد. شۆرشی ئەیلوول لەمێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی کورددا، بە یەکێک لە راپەڕینەکانی گەورەی جەماوەریی دەژمێردرێ و، رۆڵی گەورەی لەبووژاندنەوەی هەستی کوردایەتیی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا گێڕا.

ساڵی ١٩٧٠ رێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ رژێمی بەعس، مۆرکرا و، بەشێوەی فەرمی و، لە ئاستێکی بەربلاوتردا، خوێندن و، نووسین لە قوتابخانە و زانستگەکان دەستپێکرا، چاند و رۆشنبیریی کوردی و، هونەری کوردیی لەو بەشەی نیشتمانەکەمان پەرەی زیاتری سەند.

سەرەرای بوونی پتر لە سەد هەزار پێشمەرگەی شۆرش و، ملیۆنان دینار بووجەی شۆرش و، بەشداریی گەرموگوڕی خەلکی کورد لە شۆرشەکە، بەڵام ئاستی هۆشیاری سیاسی و، دیلۆماسیی سەرکردەیەتیی شۆرش بەڕادەیەک نەبوو کە بتوانێ ئامانج و نەخشەی حەمەڕەزاشای ئێران لێکبداتەوە، کە توانیبووی لەماوەی چەند ساڵێکدا هەموو پێداویستییەکی لۆجستیکی و دارایی و، دابینکردنی دەرمان و نەخۆشخانە و، حەوانەی سەرکردەیەتی و، خواردەمەنیی پێشمەرگەی شۆرش بگرێتە ئەستۆی خۆیەوە و، لە ئاکامدا ساڵی ١٩٧٥، لە ئەنجامی رێککەوتنێکی نهێنیی لەنێوان سەددام حسێن و، حەمەڕەزاشا ، کە لە وڵاتی جەزایر ئەنجامدرا، شای ئێران بەڕەسمیی داوای وەستانی شەڕی نێوان کورد و، عێراقی کرد و، چەند مەرجێکی بە سەرکردەیەتیی کورد پێشنیاز کرد. لەسەر فەرمانی بارزانی بڕیاری راگرتنی شەڕ و هەڵوەشاندنەوەی شۆرش درا. پاش رێککەوتنی نێوان شا و رژێمی عێراق، هەردوولایان کەوتنە جێبەجێکردنی بەندەکانی رککەوتننامەکەیان. شای ئێران هەر جۆرە یارمەتییەکی لە کوردی باشوور راگرت. رژێمی داگیرکەری عێراقیش لە ماوەی چەند ساڵێکدا، دەستیکرد بە پاکتاوی رەگەزیی لە کورد و، پتر لە چوارهەزار گوندی کوردستانی وێرانکرد و، بەدرێژایی ٣٠ کیلۆمەتر پشتوێنی ئاسایشی لەسنووری دەستکردی نێوان عێراق – ئێران دانا و، گەلێک کارەساتی دڵتەزێن بەرەوڕووی کوردی باشوور لە هەردوو دیوی ئێران و عێراق بوونەوە. زۆر مخابن، پاش تێپەڕبوونی ٤٦ ساڵ بەسەر شۆرشی ئەیلوولدا، نووسەر و لێکۆڵەوەری سیاسی و مێژوونووسی کورد، خۆ لەقەرەی هەڵسەنگاندنێکی بابەتانە و، زانستانەی شۆرشی ئەیلوول نادەن تا گەلی کورد و، وەچی ئێستا و، داهاتوو، لەهەموو لایەنەکانی ئەرێتی و، نەرێتیی شۆرشەکە ئاگاداربێت.

Bi wê adres pêwendi legel serokayetîya kongrey Nîstmanîya Kurdistan bogre!

P. B. 607, London
N W 8 O D T, U. K.
Tel; 0044 – 208 748 78 74
Fax; 0044 – 208 741 64 36

بەم ئەدرەسە، پێوەندیی بە سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرن

ئەدرەسی پێوەندی گرتن لەگەڵ بەرپرسیاری دەزگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان
Tele; 0049 – 82 33 80 61
Fax; 0049 – 82 33 61 21
E-post; KNC@ribrahim.de

Bi wê adres name û gotar û pêsnyaza xwe bo kongre bisîne

KNC
P. B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway.
Fax; 0047 – 22 75 30 95

نامە و وتار و پێشنیازی خۆتان بەم ئەدرەسە بۆ دەزگەی ڕاگەیاندنی کۆنگرە بنێرن!

**Kongre**, Blawkera bîra Rizgarî û Azadî Netewey Kurde!
Kongre, Blawkera bîrwbawerî kurdayetyî û Damezrandina Dewletî Serbexoy Kurdistane!

Serniwîskar û berprsyarî Dezgy Rageyandin; Sîrwan Kawsî

"کۆنگرە" بڵاوکەرەوەی بیری ئازادی و دیمۆکراسی و سەرفرازیی نەتەوەی کوردە! بڵاوکەرەوەی بیری ڕزگاری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە!

سەرنووسەر و بەرپرسیاری دەزگەی ڕاگەیاندن:
"سیروان کاوسی"

ئەدرەسی سایتەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت!

کۆنگرە ئینگلیزی: www.knc.org.uk
کۆنگرە (کوردی): www.kncscandinavia.com
رادیۆ ڕۆژاڤا: www.rojavatv.org.uk
حکوومەتی ڕۆژاڤای کوردستان: www.western-kurdistan.com
سایتی دوکتۆر جەواد مەلا: www.jawadmella.net
سایتی حکوومەتی ڕۆژاڤا (ئینگلیزی) www.western-kurdistan.com
www.westernkurdistan.org.uk
سایتی مامۆستا جەمال نەبەز www.jemalnebez.com
سایتی دوکتۆر جەواد مەلا www.jawadmella.com

**تاقە ڕێگەی ڕزگاربوونی کورد، دەرکردنی داگیرکەرانە لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. مافەکانی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد، لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا، دەستەبەر ناکرێت!**